سەرۆک بارزانی پێشوازی لە شاندێکی هاوبەشی هەردوو ژووری بازرگانیی کلدانی، ئەمەریکی و ئاشووری، ئەمەریکی کرد

2

هەولێر

پۆژنامەیەکی پۆژانەیە • تیراژ: ٢٦هەزار دانە • ژمارە (٤٢٥٨) سێشەممە ٢٥ی شوباتی ٢٠٢٥ "١٦" لاپەرە

www.hawlerweb.net facebook: hewler news - پۆژنامەی هەولێر

سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەخت لە پێکەوەژیان و لێبوردەیی دەکاتەوە

2

ئەنجامی سەرژمێریی عێراق و کوردستان ڕاگەیەندرا

دەبێت پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق زیاد بکرێت

3

بەرزاییەکانی کەسنەزان دەکرێتە ناوچەیەکی گەشتیاری

هەولێر لە پاراستنی سامانی ئاو قۆناغی باشی بڕیوە

2

پێنج بازرگانی ماددەی هۆشبەر دەستگیر کران

2



ئەسپێی "گاجووت"ی گەرمیان!

خوسرەو جاف

13


بۆچی خەڵاتی زێڕینی هەژار موکریانی بەخشرایە دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف؟



14

ڕاسپاردەکانی یەکەمین دیداری هەژار موکریانی

6



هەولێر
ژمارە (٤٢٥٨) ٢٠٢٥/٢/٢٥

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە شاندێکی هاوبەشی هەردوو ژووری بازرگانیی کلدانی، ئەمەریکی و ئاشووری، ئەمەریکی کرد

داوای پشتیوانیان بۆ داواکاری و مافی کریستیانەکانی دەشتی نەینەوا کرد

دوێنێ، لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە شاندێکی هاوبەشی هەردوو ژووری بازرگانیی کلدانی، ئەمەریکی و ئاشووری، ئەمەریکی بە سەرۆکایەتیی بەڕێز مارتن مەننا سەرۆکی ژووری بازرگانیی کلدانی، ئەمەریکی کرد.


لە دیدارەکەدا شاندی میوان پێزانینیان بۆ ڕۆڵی سەرۆک بارزانی لە پارێزگاریکردن لە پێکهاتەکان و قوواڵترکردنی پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان هەبوو. هەروەها سوپاسی سەرۆک بارزانیان کرد کە هەردەم جەختی لەوە کردووەتەوە کە کریستیانەکان لە وڵاتی خۆیان بمێننەوە و کۆچ نەکەن. داواشیان کرد سەرۆک بارزانی پشتیوانی داواکاریی و مافی کریستیانەکان لە دەشتی نەینەوا بێت.

هەر لەو دیدارەدا سەرۆک بارزانی سوپاسی سەردانی شاندی میوانی کرد بۆ هەرێمی کوردستان و جەختی لەوە کردەوە کە خوشک و برا کریستیانەکان بەشێکی گرنگی وڵاتن و پاڵپشتیی خۆشی بۆ داواکانی خوشک و برایانی کریستیان لە پارێزگای نەینەوا و سەرانسەری عێراق دووپات کردەوە.



سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەخت لە پێکەوەژیان و لێبوردەیی دەکاتەوە

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازیی لە شاندێکی ڕەوەندی عێراقی لە ئەمەریکا بە سەرۆکایەتیی مارتن مەننا، سەرۆکی ژووری بازرگانیی کلدانی ـ ئەمەریکی کرد.



لە دیدارێکدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی، ستایشی ڕۆڵی ڕەوەندی عێراقی لە دەرەوە کرد لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پشتگیرییان لە پێشخستنی ئابووری و گەشەپێدان، هەروەها جەختی لەسەر گرنگیی پاراستنی ناسنامەی نیشتمانی و فرەیی کولتووری و ئاییینیی عێراقییەکان و بەهێزکردنی پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەنێوان هەموو پێکهاتەکاندا کردەوە.

لای خۆیانەوە، شاندەکە پێزانینیان بۆ کولتووری یەکترقبووڵکردن و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و لێبوردەیی لەنێوان پێکهاتە جیاکاندا لە هەرێمی کوردستان دەربڕی، هەروەها داکۆکییان لە بەهێزکردنی هاوکاری لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە بواری ئابووری و وەبەرهێناندا کرد بە جۆرێک کە پشتگیریی گەشەپێدان بکات و دەرفەتی نوێ بۆ پەیوەندی لەنێوان ڕەوەندی عێراقی لە دەرەوە و کوردستاندا بڕەخسێنێت. لەمبارەیەوە چەند بیرۆکەیەکیان دەربارەی کار و پرۆژەی وەبەرهێنان لە دەشتی نەینەوا و هەرێمی کوردستان خستە ڕوو.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی، جەختی لەسەر پابەندیی هەرێمی کوردستان بە پێکەوەژیانی ئاشتییانە و لێبوردەیی لەنێوان هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا کردەوە و دڵنیایی دا کە هەرێمی کوردستان هەمیشە وەک نموونەیەک بۆ ئاشتی و فرەیی و کرانەوە دەمێنێتەوە، هەروەها بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان عێراقییەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات و هاوکاریی هاوبەشیان لەپێناو داهاتوویەکی باشتردا بۆ هەموان بە گرنگ زانی. هەر لەو میانەدا هەموو ئاسانکارییەکی بۆ پەخساندنی زەمینەی لەباری وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بۆ شانەکە دەربڕی.

پێنج بازرگانی ماددەی هۆشبەر دەستگیر کران

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان، لە ڕووبەڕووبونەوەیەکدا لەناو قەزای پێنجوێن، پێنج بازرگانی ماددەی هۆشبەری دەستگیر کرد.

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکانی سەر بە دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، بڵاوی کردووەتەوە " لەسەر بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایش، پاش چاودێری و بەداواداچوونی ورد، لە هەڵمەتێکدا پێنج بازرگانی ماددەی هۆشبەرمان دەستگیر کردووە."

بە گوێرەی ڕاگەیەنراوەکە، لە کاتی هەوڵدان بۆ دەستگیرکردنی پێنج بازرگانەکە، ڕووبەڕووبوونەوە ڕووی داوە، بەڵام لە ئەنجامدا تواناییان هەر پێنج بازرگانەکە دەستگیر بکەن کە یەکێکیان بریندار بووە. بەڕێوەبەرایەتییەکە باسی لەوەش کردووە، هەر لەو ئۆپەراسیۆنەدا، دەست بە سەر بڕی چوار کیلۆگرام ماددەی هۆشبەر لە جۆری کریسااڵ گیراوە و تۆمەتباران ڕووبەڕووی یاسا کراونەتەوە.

بەرزاییەکانی کەسنەزان دەکرێتە ناوچەیەکی گەشتیاری

هەولێر لە پاراستنی سامانی ئاو قۆناغی باشی بڕیوە

حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕشتانە کار لە بنیاتنان و پتەوکردنی ژێرخانی ئاو و پڕۆژەی کاریگەر لە زیادکردنی ئاوی ژێر زەوی و گلدانەوەی ئاوی سەر زەوی دەکات، لەماوەیەکی کەمدا پۆندی زانکۆ لە بەرزاییەکانی کەسنەزانی هەولێر تەواو کراوە و کار لە چەندانی دیش دەکرێت.

لە پێناو گلدانەوەی ئاو و زیادترکردن و پاراستنی ڕێژەی ئاوی ژێر زەوی و ئاودێری و بواری کشتوکاڵ و زیادترکردنی سامانی ماسی و کەرتی گەشتیاری و پاراستنی شاری هەولێر لە ئەگەری دروستبوونی لافاو، حکوومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زۆری داوە بە دروستکردنی پۆند و بەنداو، کە لە ئێستادا ژمارەیەک پۆندی ئاو کەوتوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە و هەندێکیشیان تەواو بوونە.

یەکێک لەو پۆندانەی کار لە بنیاتنانیانی کرا و لە ماوەیەکی کەمدا تەواوکرا پۆندی زانکۆیە، ئەم پۆندە دەکەوێتە بەرزاییەکانی کەسنەزانی هەولێر و نزیک مۆنۆمێنتی شەهیدان.

لە ئەیلوولی ٢٠٢٤، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەردی بناغەی پۆندی زانکۆی دانا، کە توانای گلدانەوەی ملیۆنێک مەتر سێجا ئاوی هەیە.

دوای دانانی بەردی بناغە، ڕشتانە دەست بە ڕۆنانی کرا و لەماوەی تەنیا سێ مانگدا کارەکانی پرۆژەکە تەواو کرا و ئامادەکرا بۆ گلدانەوەی ئاو.

پۆندی زانکۆ لە هەولێر، درێژییەکەی سەد و هەشتا مەترە، کە پانییەکەی لە ژێرەوە هەشتا مەتر و لە سەرەوە شەش مەترە، بەرزییەکەشی حەڤدە مەترە و ملیۆنێک مەتر سێجا ئاو گلدەداتەوە.

پۆندی زانکۆ لە هەولێر، کە ئێستا چووەتە سەر خەرمانی پێشکەشکردنی پرۆژەکانی خزمەتگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە خزمەتکردن و ئاوەدانکردنەوەی شاری هەولێر، جیا لە سود گەیاندن بە پاراستن و زیادترکردنی ڕێژەی ئاوی ژێر زەوی و پاراستنی شاری هەولێر لە هەر ئەگەرێکی دروستبوونی لافاو، لە وەرزی هاویندا سودی زۆری بۆ کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و سامانی ماسی لە ناوچەکە دەبێت، لە هەمان کاتیشدا دەبێتە شوێنێکی گەشتیاری و کاریگەری لە بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری وڵات دەبێت، کە سیمایەکی دڵگیرتر بە شاری هەولێر دەبەخشێت و هۆکارێک دەبێت لە ڕاکێشانی زیادتری گەشتیار.

هاوکات هەر لە هەولێر و بە بڕیاری مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بە تێچووی نزیک بە چوار ملیار دیناری عێراقی، لە ناحیەی بنەسڵاوەی شاری هەولێر، پرۆژەی بنیاتنانی پۆندی بنەسڵاوە جێبەجێ دەکرێت، کە یەکێکە لە گەورە پۆندەکانی هەرێمی کوردستان و توانای گلدانەوەی سێ ملیۆن مەتر سێجا ئاوی هەیە.

١٩ی ئەیلوولی ٢٠٢٤، بەردی بناغەی بنیاتنانی داندراوە و ماوەی تەواوبوونی پرۆژەکە سێ سەد و شەست ڕۆژە و بە تەواو بوونی پۆندی بنەسڵاوە، ڕۆڵی کارای دەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی ئاوی ژێر زەوی و بەرەنگاربوونەوەی وشکەساڵی و فەراهەمبوونی زەوی بەراو لە ناوچەکە، جیا لەوەی مەترسی دروستبوونی لافاو ناهێڵێت، ناوچەکەش دەکاتە ناوچەیەکی گەشتیاری و سود بە سامانی گشتی دەگەیەنێت.

جیا لە پۆندی بنەسڵاوە، بە تێچووی نزیکەی ملیارێک دیناری عێراقی، پرۆژەی دروستکردنی پۆندی دارەتوو لە هەولێر جێبەجێکرا.

پرۆژەی دروستکردنی پۆندی دارەتوو، بە گوزمەی هەشت سەد و هەژدە ملیۆن و دوو سەد و بیست هەزار دیناری عێراقی، لەسەر بودجەی پارێزگای هەولێر هاتە جێبەجێکردن، کە توانای گلدانەوەی سێ سەد و پەنجا هەزار مەتر سێجا ئاوی هەیە.

بەهۆی کەمبارینی باران و دروستکردنی بەنداو و گرتنەوەی سەرچاوەکانی ئاو لەلایەن وڵاتانی دراوسێ لەسەر هەرێمی کوردستان، ساڵانی ڕابردوو قەیرانی کەمی ئاو لە هەندێک ناوچەی هەرێمی کوردستان سەریهەڵدا، لە بەرانبەردا حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕشتانە کاری لە بنیاتنان و پتەوکردنی ژێرخانی ئاو و پڕۆژەی کاریگەر لە زیادکردنی ئاوی ژێر زەوی و گلدانەوەی ئاوی سەرزەوی، هاوشێوەی کەرتەکانی دیکە کردووە و لە ڕابردوودا، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر بنیاتنانی دەیان پۆندی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان داوە.

لەقۆناغی یەکمدا ٢٣ پۆند بە گوزمەی ١٣ ملیار دینار لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، کە هەشت دانەیەن لە پارێزگای هەولێر بوو، لە قۆناغی دووەمیش دا، ١٤ پۆند بە گوزمەی ١٢ ملیار و ٦٠٠ ملیۆن دینار لە دەوروبەری شاری هەولێر دروست دەکرێن، کە چەندێکیان کەوتونەتە بواری جێبەجێکردنەوە و کاریگەری بەرچاوی لە کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی لافاو بۆ ئەو شارە دەبێت.

چواس خالید - هەولێر

ئەنجامی فەرمی سەرژمێری عێراق و هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندرا

ژمارەی دانیشتووانی عێراق ٤٦ ملیۆن و ١١٨ هەزار کەسە

وەزارەتی پلاندانان رایگەیاند، ژمارەی دانیشتوانی عێراق ٤٦ ملیۆن و ١١٨ هەزار کەسە، ئەمە دواین ئەنجامەکانە کە پێی گەشتوون.

داتاکانی وەزارەتی پلاندانان لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی بەم شێوەیە خستەڕوو:

دانیشتوان بەپێی ناوچەکان، شار نشین ١٧ ,٧٠٪ی عێراق پێک دەهێنن و ٨٣ ,٢٩٪ گوند نشینەکان پێکی دەهێنن.

دانیشتوانان بە گوێرەی تەمەن لە عێراق

تەمەنی خوار پێنج ساڵ: ١٦ ,١١٪

تەمەنی (٥-١٤)ساڵ: ٧٤ ,٢٤٪

تەمەنی (١٥-٦٤)ساڵ: ٤٤ ,٦٠٪

تەمەنی سەرو (٦٥)ساڵ ٦٦ ,٣٪

دانیشتوانان بەگوێرەی تەمەن لە هەرێمی کوردستان:

تەمەنی خوار پێنج ساڵ: ٩٢ ,٩٪


تەمەنی (٥-١٤)ساڵ: ٧٦ ,٢١٪

تەمەنی (١٥-٦٤)ساڵ: ٩٢ ,٦٣٪

تەمەنی سەرو (٦٥)ساڵ: ٤ ,٤٪

باری خێزانداری

بەگوێرەی ئەنجامەکانی سەرژمێری، تەمەنی مامناوەند لە هاوسەرگیری یەکەم ٢٤ ,٢٢ ساڵە و پیاوان ٠٦ ,٢٤ ساڵ و مێینەکان ٧ ,٢٠ ساڵن.



دابەشکردنی دانیشتوان بەپێی باری خێزانی لە هەرێمی کوردستان:

سەڵت: ٤١٪

خێزاندار: ٨٣ ,٥٥٪

تەلاقدەر/تەلاقدراو: ٦٦ ,٠٪

بێوەژن: ١٨ ,٢٪

جیابونەوە: ٣٣ ,٠٪ .

مردن و لەدایک بوون

لە نێوان ١٠٠ هەزار دایکێک بە ڕێژەی ٧ ,٢٦٪ دەمرن لە عێراق، لە کوردستان ڕێژەکە بەرزترە ٤ ,٣٤٪

ڕێژەی لەدایکبوون

ڕێژەی لەدایک بوون لە عێراق ٩ ,٣٪ ڕێژەکە لە هەرێمی کوردستان کەمترە بە ڕێژەی ٥ ,٣٪دا.

دۆخی ئابووری

سەرژمێری گشتی دانیشتوان دەریخستووە کە ڕێژەی دانیشتوانی چالاک لە ڕووی ئابوورییەوە (١٥ ساڵ و سەروو) لە عێراق ٦١ ,٤١٪ و لە هەرێمی کوردستان دەگاتە ٠٦ ,٤٦٪.

دابەشکردنی فەرمانبەران بەپێی کەرتی کار:

ڕێژەی فەرمانبەران لە کەرتی حکومی و گشتی لە کۆی دانیشتوانی چالاک لە ڕووی ئابوورییەوە : ٢٥ ,٣٨٪ لە عێراق و ١٨ ,٣٧٪ لە هەرێمی کوردستان.

پەروەردە

ڕێژەی نەخوێندەواری لە عێراق لە نێودانیشتوانی (١٠ ساڵ و سەروو) ٣١ ,١٥٪ و لە هەرێمی کوردستان بۆ ٢٣ ,١٦٪ بەرزبووەتەوە .

ڕێژەی ئەو قوتابیانەی کە لە پەروەردەدا ناونووس کراون بەپێی قۆناغەکان (سەرەتایی، ناوەندی):

نێر: ٥ ,٥١٪

مێ : ٥ ,٤٨٪

ڕێژەی ناونووسین لە قوتابخانەی بنەڕەتی لە عێراق لە سەدا ٨٨ و لە هەرێمی کوردستان بۆ لە سەدا ٩٣ بەرزبۆتەوە وەزارەتی پلاندانان دەڵێ، ڕێژەیەکی باشە بەڵام ئەوەدەردەخات هێشتان هەندێک منداڵ هەن نەخرانەتە بەرخوێندن یان توانای خوێندنیان نییە .

خزمەتگوزاریەکان

بەگوێرەی ئەنجامەکانی سەرژمێری، ئاوی خواردنەوە لە ناو خانووەکەدا بۆ ٨٧٪ ی دانیشتوانی عێراق و ٨٢٪ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەردەستە، کە "ڕێژەیەکی باشە، بەڵام هێشتا ١٣٪ی دانیشتوان لە سەرچاوەکانی ترەوە وەریدەگرن."

یەکەی نیشتەجێبوون

ئەنجامی سەرژمێرییەکە دەریدەخات کە ڕێژەی ئەو خێزانانەی کە یەکەی نیشتەجێبوونیان هەیە لە عێراق ١٥ ,٧٢٪ و لە هەرێمی کوردستان دەگاتە ١٩ ,٧٠٪ .

لە هەولێر پیشانگایەکی هەلی کار کرایەوە



دوێنێ، بە ئامادەبوونی ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر و د.ئیدریس محمد تاهیر هەرکی، سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر و تەیب کەژۆ، بەڕێوەبەری گەشەپێدانی پیشەسازیی هەولێر و ژمارەیەکی تر لە پسپۆڕ و شارەزا و مامۆستایانی زانکۆ و قوتابیان، بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی هەولێر بە هەماهەنگی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، پیشانگایەکی هەلی کار کرایەوە و سمینارێکی لە ژێرناونیشانی (داهێنانی پیشەسازی بۆ بەردەوام بوون) ئەنجامدا.

لە سەرەتای سیمینارەکەدا، لەلایەن ئامادەبوانەوە پیشانگایەکی تایبەت بە هەلی کار و بەروبوومی خۆراکی و کەلوپەل و پێداویستی پزیشکی و ئۆتۆمبێل و پیشەسازی بە بەشدارین چەندین کۆمپانیایی ناوخۆیی و خۆمالّی کرایەوە، پاشان لەلایەن مامۆستایانی زانکۆ و پسپۆڕان، پرسی گەشەپێدانی پیشەسازی و پرۆسەی پەرەپێدان و باشترکردنی ژێرخانی پیشەسازی و بەرهەمهێنان و هاندانی وەبەرهێنان لە کەرتی پیشەسازیدا لە هەرێمی کوردستان و دابینکردنی پاڵپشتی و فراوانکردنی چالاکییەکانی ئەم کەرتە بە ئامانجی هاندان و دروستکردنی هەلی کار تاوتوێکرا. هەروەها تیشک خرایەسەر ئەوەی بایەخدان بە کەرتی پیشەسازی کە شادەماری ئابوورییە، دەبێتە هۆی پێشکەوتنی وڵات.

جێگەی باسە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەردەوام جەخت لە گەشەپێدانی کەرتی پیشەسازی کردۆتەوە، کە یەکێکە لە کەرتە سەرەکییەکان و بە گرنگیەوە لێی دەڕوانێت، لە ماوەی سالّانی ڕابردووشدا سەرەڕای ئاستەنگ و کێشە سیاسی و ئابوورییەکانی کە ڕووبەڕووی هەرێم بوونەتەوە، بەڵام کەرتی پیشەسازی گەشەی زۆری بەخۆیەوە بینیوە.

بەپێی ئەنجامی سەرژمێری دەبێت پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق زیاد بکرێت

بەپێی دەرەنجامەکە ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان شەش ملیۆن و پێنجسەد و سێ هەزار کەسە

دوێنێ دەرەنجامی ئەو سەرژمێرییە بە فەرمی بڵاو کرایەوە کە لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ڕابردوو لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، ئامارەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان زۆر لەو ڕێژەیە زیاترە لە یاسای بودجە بۆی دیاری کراوە و لە هەمان کاتدا ئامارەکان دەری دەخەن ئەگەر پرسی ئیدارەی پاستەقینەی هەرێمی کوردستان لەبەرچاوبگیرێت ڕێژەکە زۆر بەرزتر دەبێتەوە.

بەپێی ئامارەکە پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق لە خراپترین گریمانەدا بۆ سەرووی چوارده لەسەدا زیاد دەکات، بەڵام بە پێوەری سنووری ئەو ناوچانەی لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەبرێن، ڕێژەکە دەگاتە پازدە لەسەدا و لە داهاتووشدا ئەگەر مادەی سەد و چل یەکلایی بکرێتەوە ئەوا ڕێژەکەی بۆ زیاتر لە بیست لەسەدا بەرز دەبێتەوە.

لەدوای دامەزراندنی عێراقی فیدراڵی، بە شێوەیەکی خەملێنراو پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق بە حەڤدە لەسەدا دانرا کە تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٣ ڕەوانەی هەرێمی کوردستان دەکرا و لە ساڵی ٢٠١٤ لە لایەن حکوومەتی عێراق بە بیانووی نابەجێ بڕدرا. دوای چەند ساڵێک لە ناکۆکیی نێوان هەولێر و بەغدا، دواتر پشکی دوازدە پۆینت شەست و حەوت لەسەدای لە بودجەدا سەپێنرا و چەند ساڵێکە حکوومەتی عێراق کردوویەتە بنەما بۆ پشکە دارایییەی بۆ هەرێمی کوردستانی دەنێرێت، هەر چەندە ئەویش ڕەوانە نەکردووە.

بەپێی دەرەنجامەکە ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان شەش ملیۆن و پێنجسەد و سێ هەزار کەسە و ئەگەر بە کۆی ژمارەی دانیشتووانی عێراق بەراورد بکرێت ئەوا چوارده پۆینت دە دەستەبەر دەبێت. ژمارەی دانیشتووانی عێراق چل و شەش ملیۆن و سەد و هەژدە هەزار و حەوتسەد و نەوەد و سێ کەسە.

ئەو ژمارەیە هەندێک ناوچەی و قەزا و شارەدێی وەک مەخمووری لەبەرچاو نەگرتووە کە لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوە دەبرێن و خەرجی و خزمەتگوزارییەکانیش هەر لە لایە هەرێمی کوردستان دابین دەکرێت بەڵام لە ڕێژەی دانیشتووان بەهۆی ئەوەی کە سەر بە پارێزگایەکی تری دەرەوەی چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستانن، لە ئامارەکەدا حسابی ئەو تایبەتمەندییە نەکراوە لە کاتێکدا ئەگەر حساب بکرێت ڕێژەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێتە پازدە لەسەدا.

یاسای بودجەی عێراق لە ساڵی ٢٠٢٣ بۆ سێ ساڵ نووسرا و پەسند کرا و بە پێی هەڵوێستی وەزارەتی پلاندانانی عێراق کە کاتی خۆی لە وەڵامی ڕەخنە و گازندەکانی کورددا بڵاو کرایەوە، دەرەنجامی سەرژمێری دەبێتە بنەما بۆ پشکی بودجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق.

دیار نییە قەرەبووی خورانی ئەو پشکە لە بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی ڕابردوو دەکرێتەوە یان نا، بەڵام بڵاوبوونەوەی دەرەنجامی سەرژمێری هیچ گومانێکی تێدا نییە کە پێویستە عێراق تا بەر لە یەکلابوونەوەی مادەی سەد و چل دەستووری لانی کەم پشکی پازدە لەسەدا ڕەوانە بکات .

جگە لەوەی کە پارێزگای کەرکووک پارێزگایەکی کوردستانییە، بەشێکی بەرچاو لە ڕووبەر و ژمارەی دانیشتووان لە پارێزگاکانی نەینەوا، دیالە و سەلاحەدینیش کوردن و خاکەکەشیان کوردستانە و لە داهاتوودا ئەگەر مادەی سەد و چل یەکلایی بکرێتەوە و سنووری ڕاستەقینەی هەرێمی کوردستان دیاری بکرێت ئەوا هەرێمی کوردستان ڕێژەی دانیشتووان و پشکی لە دارایی و بودجەی عێراق زۆر زیاتر دەبێت.

سلێمان تاشان - هەولێر
Sleman_aziz@yahoo.com 4763770

هەولێر
ژمارە (٤٢٥٨) ٢٠٢٥/٢/٢٥



لە شاری سلێمانی د.سالار عوسمان هونەرمەند یونس حەمە کاکەی بە سەرکردەوە

دوێنێ لە شاری سلێمانی د.سالار عوسمان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی بەشی پژشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەیاوەری بەشێک لەمەڵاڵانی ناوەندی پژشنبیری و ڕاگەیاندی سلێمانی، لەمیانی بەسەرکردنەوەکانیدا، سەردانی (یونس حەمە کاکە) هونەرمەندی دیار و بەئەزموونی کرد، کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بەهۆی تێکچوونی باری تەندروستییەوە ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا.

د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی پژشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، وێڕای هەواڵپرسین لەباری تەندروستی هیوای خواست هونەرمەند (یونس حەمە کاکە) لە نزیکترین دەرفەتدا بگەڕێتەوە بۆ کاری نواندن و خزمەتکردن بە بواری هونەری کوردی، هاوکات ڕۆڵی هونەرمەندی لە خزمەتکردن بە هونەری نواندن بەرز نرخاند.

سیستمی خوێندن لە هەرێمی کوردستان

گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن



دوێنێ، لە هۆڵی بەشی پژشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بیست و شەشەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ بە ناونیشانی " سیستمی خوێندن لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو.

لەم گفتوگۆیە کە بەڕێزان " د.ئالان حەمە سەعید، کامەران عەلی حسێن، حەمید سالح، دلێر عەبدوڵا، نەرمین شێخ عەلی، سامان سیوەیلی ، یوسف عوسمان، بەکر کەریم حەسەن، ئەرشەد شوکری ئیسلام، د.کەریم شەریف قەرەجەتانی ، کەمال زراری، ناهیدە ڕەشید ، هەروەها ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ- شڤان حەمدی، پ.د.نەزاکەت حسێن، د.جەلال ئەحمەد، فەرهاد محەمەد" ئامادەبوون، لە دەسپێکدا ڕاپۆرتی بازنەی گفتوگۆ لەسەر سکرین بۆ ئامادەبووان پیشاندرا کە تیایدا ڕابۆچوونی کۆمەڵێک پسپۆر و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و مامۆستایان لە تەواوی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان وەرگیرابوو، پاشان بەشداربووانی بازنەکە ڕۆر بەڕاشکاوانە گفتوگۆیان لەسەر سیستمی خوێندن لە هەرێمی کوردستان کرد.

لەم گفتوگۆیە کە بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی لە پارێزگای کەرکوکیش ئامادەبوو، باس لە ئاستەنگ و گرفتەکانی خوێندن لە پارێزگای کەرکوک کرا و، پاشانیش سەبارەت بە سیستمی خوێندن لە هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەکی هەمەلایەن هەموو ڕەهەندەکانی سیستمی خوێندنی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت تاوتوێ کران و ڕەخنەی زۆر ڕاشکاوانە لە ژمارەی قوتابخانەکان و بوونی سێ دەوامی لە قوتابخانە حکومیەکان و ، هەروەها شێواز و میتۆدی قوتابخانە ئەهلیەکان خرانە ڕوو، لە هەمانکاتدا پێشنیار و میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشە و کەموکوڕیەکان خرانە ڕوو، پاشان د.ئالان حەمە سەعید وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر ڕاشکاوانە باسی لەو میتۆدە کرد کە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕیفۆرم و کار لەسەر پرۆسەی پەروەردە و خوێندن کراوە و ، هەروەها هەڵوەستەی لەسەر ئاستی بە دیجیتاڵکردنی پرۆسەی خوێندن و پرۆسەی بەڕێوەبردنی ئەزموونەکان بە تایبەتی ئەزموونە گشتیەکانی هەردوو قۆناخی نۆ و دە بە شێوازی دیجیتاڵی و خێرا کردەوە ، لەبەشێکی دیکەی وەڵامەکانیدا وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە زمانی کوردی وەک زمانی دایک لە هەموو قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان بایەخی تەواوی پێدەدرێت و تەنانەت پرۆگرامێکیان دەست پێکردووە بۆ ئەوەی وانەی کوردی بە منداڵانی تاراوگە هەفتانە لە ڕۆژانی پشوو دەگوترێتەوە تا ئێستا نزیکە هەزار منداڵی کوردی تاراوگە لەڕێگەی ئەم پرۆگرامەوە سوودمەند بوون و فێری خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی کراون، سەبارەت بە گرنگیدانیش بە میژووی کورد و کوردستان، وەزیری پەروەردە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بایەخدان بە میژووی نیشتمان و نەتەوە زۆر گرنگە وەک پێویستیەک بۆ پەروەردەی ئینتمایی نیشتمانی نەوەکانی داهاتوو سەیری دەکەین لە ئێستادا جەختێکی زۆری لەسەر کراوەتەوە.

جیگەی ئاماژە پێکردنە ، لەم گفتوگۆیەدا دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئامادەبوون و ڕاپۆرتی تایبەتیان لەسەر ئەم پرسە گرنگە ئامادەکرد و لە ڕۆژی ٣ی ئایاری ٢٠٢٥ ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەل لەسەر " سیستمی خوێندن لە هەرێمی کوردستان" لە گۆڤاری گوڵان بڵاودەکرێتەوە .

وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە زمانی کوردی وەک زمانی دایک لە هەموو قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان بایەخی تەواوی پێدەدرێت و تەنانەت پرۆگرامێکیان دەست پێکردووە بۆ ئەوەی وانەی کوردی بە منداڵانی تاراوگە هەفتانە لە ڕۆژانی پشوو دەگوترێتەوە تا ئێستا نزیکە هەزار منداڵی کوردی تاراوگە لەڕێگەی ئەم پرۆگرامەوە سوودمەند بوون و فێری خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی کراون، سەبارەت بە گرنگیدانیش بە میژووی کورد و کوردستان، وەزیری پەروەردە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بایەخدان بە میژووی نیشتمان و نەتەوە زۆر گرنگە وەک پێویستیەک بۆ پەروەردەی ئینتمایی نیشتمانی نەوەکانی داهاتوو سەیری دەکەین لە ئێستادا جەختێکی زۆری لەسەر کراوەتەوە.

جیگەی ئاماژە پێکردنە ، لەم گفتوگۆیەدا دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئامادەبوون و ڕاپۆرتی تایبەتیان لەسەر ئەم پرسە گرنگە ئامادەکرد و لە ڕۆژی ٣ی ئایاری ٢٠٢٥ ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەل لەسەر " سیستمی خوێندن لە هەرێمی کوردستان" لە گۆڤاری گوڵان بڵاودەکرێتەوە .

زیاتر لە چوار مانگە هەڵبژاردن کراوە و حکوومەتی نوێ دانەمەزراوە

دەرهاویشتەی ناکۆکییە ناوخۆییەکان هێشتا سێبەریان بەسەر هەرێمی کوردستانەوەیە

سەرووی چوار مانگ بەسەر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان تێدەپەڕێت بەڵام هێشتا نەتوانراوە حکوومەت دابمەزرێنرێت و دواین ئاماژەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت ئەوەیە کە کۆبوونەوەکانی نێوانی شاندەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە بە دوو حزبی سەرەکیی هەرێمی کوردستان دادەنرێن سەرکەوتوو بوون و دانوستانەکانیان بۆ پێکهێنانی حکومەت خەریکە بە ئاکام دەگات.

شاندەکانی دانوستانکاری پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ژمارەیەک کۆبونەوەیان لە ڕۆژان و هەفتەکانی ڕابردوو گرێ داوە و لە دواین کۆبوونەوەشیان کە ڕۆژی شەممە بەڕێوەچوو وێڕای ڕاگەیاندنی ئەنجامی ئەرێنی لە گفتوگۆکانیان باسیان لە پێویستیی بەردەوامیدان بە کۆبوونەوە و گفتوگۆکان کرد بۆ زیاتر لێکتێگەیشتن و داڕشتنی بەرنامەیەکی هاوبەشی پەسەندکراو کە خزمەتی هەرێمی کوردستان بکات.

کۆبوونەوەی دەستپێکی ئەم هەفتەیەی پارتی و یەکێتی تایبەت بوو بەخستنەڕوو و گفتوگۆکردنی ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەشی هەردوولا کە بریتی بوو لە تێڕوانینی سیاسی و کارگێڕی و هەنگاوەکانی پەیوەست بە پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی تر.

ڕاستە ئەنجامەکان ئەرێنین بەڵام تا ئەم ساتە دیار نیە کەی کۆبوونەوەی لووتکە دەکرێ و ئامادەکاری بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان و هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرێت و بە پراکتیکی ئەو کەسەی ڕاسپێردراوە بۆ پێکهێنانی کابینە دەست بە کار دەبێت بۆ ئەوەی لە ماوەی یاساییدا وەزیرەکانی بە پەرلەمان بناسێنێت.

ئەوەی جێی تێڕامانە بریتییە لەوەی کۆمەڵێک کێشە و قەیرانی پێوەست بە ناوخۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکەن هەن کە چارەسەرکردنیان بە دامەزراندنی کابینەیەکی نوێ گرێ دراوە

بەدەر لەمە چ لە ئاستی نێودەوڵەتی و چ لە ئاستی ناوخۆیی چاوەکان زیاتر لە سەر ئەو دوو پارتە سەرەکییەن تا ناکۆکییەکانیان بەلاوە بنێن و لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی هاوبەش و تۆکمەدا بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان، کابینەی دەیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێنن.

هەموو ئەو شاند و دیپلۆماتکارانەی کە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن و پەیامی وڵاتانیان بە هەرێمی کوردستان دەگەیەنن یەکێک لە داخوازییە سەرەکییەکانیان بریتییە لە پەلەکردن لە دامەزراندنی حکوومەت کە دەیسەلمێنەت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لە پێکهاتنی حکوومەت نیگەرانە و بە بایەخەوە لە داهاتووی هەرێمی کوردستان دەڕوانێت و حەز دەکات وەک فاکتەرێکی بەهێزتر لە هاوکێشەکانی ناوچەکە دەربکەوێت.

بۆ نموونە ڕۆژی یەکشەممە ٢٣ی شوبات لە کۆبوونەوەی نێوان سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ستیڤن هیچن باڵێوزی بەریتانیا لە عێراق کە هاوکات کونسوڵی وڵاتەکە لە هەولێریش ئامادەی بوو، باس لە گرنگیی پێکهێنانی حکوومەتێکی بەهێز و یەکگرتوو و خزمەتگوزار لە زووترین کاتدا، لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکان و درێژەدان بە کارنامەی چاکسازی و خزمەتکردنی هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان کرا.

هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردوو کرا کە پارتی سی و نۆ کورسی و یەکێتی بیست و سێ کورسی بەدەست هێنا و بەپێی یاسا پەنجا و یەک کورسیی پەرلەمان بۆی هەیە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دیاری بکات.

ئەگەر پارتی و یەکێتی لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش ساغ ببنەوە ئەوا ڕازیکردنی لایەنەکانی تر کە لە هەڵبژاردن کورسییان بردووەتەوە زۆر ئاسانترە و جگە لەمە هیچ بەربەستێکی یاسایی بۆ پێکهێنانی کابینە نامێنێت و ئەگەر لایەنێکیش ویستی بەشداری نەکات ئەوا دەتوانێت وەک ئۆپۆزسیۆن کە یاسا ڕێگەی پێداوە، دڕژە بە خەباتی خۆی بدات.

جێی باسە لە کابینەی نۆدا پارتی و یەکێتی زۆرترین ناکۆکییان لەگەڵ یەکتردا هەبوو و دەرهاویشتەکانی ئەو ناکۆکییانە هێشتا سێبەریان بەسەر هەرێمی کوردستانەوەیە. تێپەڕینی نزیک بە سەد ڕۆژ لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ودرێژەکێشانی گفتوگۆکانی نێوان ئەو دوو حزبە پێدەچێت هەر لەو سۆنگەیەوە سەرچاوە بگرێ و ئامانجەکەیان ئەوە بێت کابینەیەکی بەهێزتر و دوور لە کێشە و ململانێ دابمەزرێنن .

سلێمان تاشان - هەولێر
Sleman_aziz@yahoo.com 4763770

٨٥٪ی کریستیانەکانی عێراق لە هەرێمی کوردستان دەژین

ئایدن مەعروف، وەزیری هەرێم بۆ بەڕێوەبردنی دۆسیەی کاروباری پێکهاتەکان:

کریستیانەکانی دەشتی نەینەوا ژیان و گوزەرانیان باش نییە و بەردەوام هەڕەشەیان لێ دەکرێت



پێکهەوژیانی ناشتیانەی نێوان پێکهاتە ئایینییەکان یەکێک لەو سەروەریانەی هەرێمی کوردستان تۆماریکردووە، تاوەکو ئێستا هیچ تووندوتیژییەک لە نێوان پێکهاتە ئایینییەکانی هەرێمی کوردستان پرووینەداوە، بەڵام لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق بە تایبەت کریستیانەکان پرووبەڕووی تووندوتیژی بوونەتەوە، هەر ئەوەش وای کردووە بەشێکی زۆریان پرووبن لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بکەن

لە شاری مووسڵ گەورەترین ناعەدالەتی بەرانبەر بە پێکهاتە و نەتەوەکان دەکرێت، ژیان و گوزەرانیان باش نییە و بەردەوام هەڕەشەیان لەسەرە. کریستیانەکانی دەشتی نەینەوا نایانەوێت بگەڕێنەوە، هۆکارەکەش بۆ نەبوونی خزمەتگوزاری و ئارامی و هەبوونی گرووپی چەکدار لە ناوچەکانیان دەگەڕێنەوە. ئایدن مەعروف، وەزیری هەرێم بۆ بەڕێوەبردنی دۆسیەی کاروباری پێکهاتەکان، دەڵێت: کریستیانەکانی دەشتی نەینەوا ژیان و گوزەرانیان باش نییە و بەردەوام هەڕەشەیان لێ دەکرێت.

لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە هۆکارەکانی ناسەقامگیری دۆخی سیاسی و ئاسایشی عێراق و شەڕی تائیفی ٢٠٠٦ تا ٢٠٠٨ و دواتر شەڕی داعش و پاشان مامەڵەی هەندێک گرووپی چەکداری شیعە هۆکاری کۆچکردنی کریستیانەکان بوون بۆ دەرەوەی عێراق.

هەرێمی کوردستان بە دەیان ساڵە پەناگە و شوێنی ئارامی کریستیانەکانی ناوچەکانیان کەوتە بەر هێرشی داعش پرووبان لە هەولێر و ناوچەکانی دیکەی کوردستان کردووە، ئەوەش پێگە و شوێنێکی تایبەتی لای کریستیانەکان دانا.

هەرێمی کوردستان پرە لە ئایین و ئایینزا و نوێنەریان لە وەزارەتی ئەوقاف هەیە و ڕێوڕەسم و جەژنە ئایینییەکانیان بە ئازادانە دەکەنەوە، لە یاسای ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠١٥ی پاراستنی مافی پێکهاتەکان، باسی پێکهاتەکان کراوە تورکمان، کلد، ئاشوورییو سریانی، هەروەها پێکهاتە ئایینییەکانیش بریتین لە مەسیحی، ئێزدی، شەبەک، کاکەیی، فەیلی، زەردەشتی، بەهائی و سابیئە، لە هەرێمی کوردستان پاڵپشتییەکی گەورە هەیە بۆ پاراستنی مافی پێکهاتەکان، ئەو پاڵپشتییەش لە پراکتیکدا ڕەنگی داوەتەوە.

سەرۆک بارزانی نەک تەنیا بۆ کریستیانەکان، بگرە بۆ هەموو ئایینەکانی تر پاڵپشت و پشتیوان بووە و بەردەوام دەڵێ، هەرێمی کوردستان جێگای هەموو ئاییەن و نەتەوە جیاوازەکانە. بەپێی بڕیاری ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠١٥ ی پەرلەمانی کوردستان ٨ پێکهاتەی ئایینی لە هەرێمی کوردستان هەن، ئەو پێکهاتانە لە هەرێمی کوردستان ڕێگە پێدراون، هەر یەک لەو پێکهاتانە مومارسەی خۆیان دەکەن، پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان بە ئازادانە کاری خۆیان دەکەن و پەیوەندییەکی نیشتمانی زۆر بەهێز لە نێوان ئایینەکان هەیە، جگە لەوەی هەموو خزمەت دەکرێن، دەرفەتی کاریان پێ دەدرێت، مەراسیمە ئاینییەکانیان بە ڕێکوپێکی جێبەجێ دەکەن و بەشداری لە بۆنەکانی یەکدی دەکەن.

پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان پێکهاتە ئایینییەکان یەکێک لەو سەروەریانەی هەرێمی کوردستان تۆماریکردووە، تاوەکو ئێستا هیچ تووندوتیژییەک لە نێوان پێکهاتە ئایینییەکانی هەرێمی کوردستان پرووینەداوە، بەڵام لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق بە تایبەت کریستیانەکان پرووبەڕووی تووندوتیژی بوونەتەوە، هەر ئەوەش وای کردووە بەشێکی زۆریان پرووبن لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بکەن، بەپێی ئەو ئامارەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری کریستیانەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان، ٢٢٧ کەنیسە، دێر و مەزار لە هەرێمی کوردستان هەن.

سەرەڕای ئەوەی چەند ساڵێک بەسەر دەرکردنی داعش لە ناوچەکانیان تێپەڕیوە، بەڵام هێشتا کریستیانەکانی دەشتی نەینەوا ئاوارەنە و نەگەڕاونەتەوە، ڕێکخراوەکان و خودی کریستیانەکانیش دەڵێن، هۆکاری سەرەکی نەبوونی خزمەتگوزاری و ئارامییە لەو ناوچانە، لەدوای ساڵی ٢٠١٤وە زیاتر لە ١٠٠ هەزار کریستیان لە دەشتی نەینەوا و ناوچەکانی دیکە بەرەو هەرێمی کوردستان هەڵاتن و ئاوارەبوون، بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەمیان گەڕاونەتەوە. جۆزیف کەساب، سەرۆکی پەیمانگەی داکۆکیکردن و گەشەپێدانی کریستیانەکانی عێراق، دەڵێت: هۆکارە سەرەکییەکانی کۆچکردنی کریستییانەکان لە عێراق بریتین لەو جیاکارییە ئایینییەی لە عێراق هەیە، تا ئێستاش بەردەوامە، جگە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام لە ناوچەکانی دیکەی عێراق بەتایبەت لە ناوچەی دەشتی نەینەوا بەگشتی گۆڕینێکی زۆری دیمۆگرافی هەیە لەلایەن چەند تۆڕێ و ئەو میلیشیانەوە دەکرێت کە نامۆن بۆ خەڵکی ناوچەکە، ئەمەش کاریگەری زۆری لەسەر مولکەکان هەیە و ئەو مولکانە لە کریستیانەکانەوە بۆ ئەو کەسانە دەگوێزرێتەوە، بەشێکیان بە زۆر پێیان دەکرێت و بەشێکیشیان مولکەکانیان بە نرخی زۆر هەرزان لێوەردەگرن.

وەحیدە یاقو هورمز، نوێنەری پێشووی کریستیانەکان لە پەرلەمانی کوردستان، بۆ ڕۆژنامەی"هەولێر" ئاشکرای کرد، عێراق پشتی لە مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا کردووە، بەپێچەوانەوە هەرێمی کوردستان لەخۆی گرتوونە، حکوومەتی هەرێم، خەڵکی کوردستان، یارمەتی کریستیانەکانی داوە، چ پێش هاتنی داعش، چ دوای ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە، کە لە ساڵی ٢٠٠٣ بە دواوە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کریستیان ڕوویان لە کوردستان کردووە، ئەمە لە کاتێکدایە بەغدا بەردەوام دەرگای لەسەر ئەوان داخستووە.

ڕوونیشیکردەوە، سەرۆک بارزانی، حکوومەتی هەرێم نەک تەنیا پشتگیریان لە کریستیانەکان کردووە، بەڵکو پارێزگاریان لە مافی هەموو پێکهاتەکان کردووە، هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە هەموو پێکهاتەکان ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن و بە مالّی خۆیان بزانن، بۆیە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق هەیە، کە تا ئێستاش لە هەندێک ناوچەی عێراق تووندوتیژی بەرامبەر بە پێکهاتەکان دەکرێت، بەتایبەتی لەو ناوچانەی حەشدی شەعبی دەستەڵاتداراە.

ئایدن مەعروف، وەزیری هەرێم بۆ بەڕێوەبردنی دۆسیەی کاروباری پێکهاتەکان، بۆ ڕۆژنامەی "هەولێر" دەڵێت: ئەوانەی لە ناوچەکانی عێراق کۆچ دەکەن هۆکارەکەی سیاسییە، تورکمان و کریستیان، کاکەیی و ئێزدی لە سنووری نەینەوا مەترسییان لەسەرە و گرووپە چەکدارەکان هەڕەشەیان لێدەکەن.

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان لە حکوومەتی هەرێم، دەشڵێ: ئەو دەستەڵاتەی کە لە عێراق هەیە غەدر لە پێکهاتەکان دەکات، زۆر گرنگی بە پێکهاتەکان نادات، پێویست دەکات لە عێراقیش گرنگی بە پێکەوەژیان بدرێت.

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان لە حکوومەتی هەرێم، پوونیکردەوە: زۆر پێکهاتە و نەتەوە لە موسڵ دەژین، پێویستە لە موسڵ پێکەوەژیانێکی بەهێز هەبێت، بەڵام بەداخەوە لە شاری مووسڵ گەورەترین ناعەدالەتی بەرانبەر بە پێکهاتە و نەتەوەکان دەکرێت، بەردەوام چاودێری ڕەوشی پێکهاتەکان لە دەشتی نەینەوا دەکەین، بەڵام ژیان و گوزەرانیان باش نییە و بەردەوام هەڕەشەیان لەسەرە و بە دەیان گرووپی چەکدار لە دەرەوەی یاسا لەو شوێنانە هەن، بەتایبەتی پەکەکە و داعش و چەند گرووپێکی دیکە، ئەوانەش بەردەوام هەڕەشەنە لەسەر خەڵکی ناوچەکە، ئێزدییەکان پێکهاتەیەکی سەرەکی پارێزگای مووسڵن، تا ئێستا لەبەر ئەو گرووپە چەکدارانە نەیان توانیوە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، بۆیە زۆر گرنگە حکوومەتی عێراق زۆر گرنگی بە پێکهاتەکانی مووسڵ بدات و هەموو ئەوانەی ئاوارە بوونە بگەڕێنێتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و بە ئاسوودەیی و دوور لە تووندوتیژی وەکو هەر خەڵکێکی دیکە بژین.

هەرێمی کوردستان بە دەیان ساڵە پەناگە و شوێنی ئارامی کریستیانەکان بووە، لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا زۆربەی ئەو کریستیانانەی ناوچەکانیان کەوتە بەر هێرشی داعش پرووبان لە هەولێر و ناوچەکانی دیکەی کوردستان کردووە

ڕائیب جادر - هەولێر
raibzrari@yahoo.com 07507165222

ڕاسپاردەکانی یەکەمین دیداری هەژار موکریانی





ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ٢٢ـی ٢ـی ٢٠٢٥ لە شاری هەولێر و لە هۆڵی ڕاگەیاندن، لەلایەن بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پ.د.ک، یەکەمین دیداری هەژار موکریانی (هەژار و زمان) بەڕێوەچوو.

لە یەکەمین دیداری هەژار موکریانی، لەلایەن لیژنەی ڕاسپاردەوە، چەندین ڕاسپاردە کۆکرانەوە کە بریتی بوون لەو ڕاسپاردانەی پێشتر لیژنەی ئامادەکاری دیدار پانێڵیستانی ڕاسپاردبوو جگە لە بوونی بابەتی سەرەکییان، ڕاسپاردەشیان هەبێ. هەروا تەواوی ڕاسپاردەی میوانانیش وەرگیران و دوای خوێندنەوەی ڕاسپاردەکانیش هەموو سەرنج و تێبینییەکی ئامادەبووان ڕەچاوکراو و بەهەند وەرگیرا.

ئەمانەی خوارەوەی پوختەی ڕاسپاردەکانە:

یەکەم: حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەفەرمیی و لە ئاستی بااڵدا پتر بایەخ بە زمانی کوردی و نووسینی کوردی بدات.

دووەم: سوود لە زمانی دەوڵەمەندی فرە دیالێکتیی هەژار موکریانی وەربگیردرێ بۆ بواڕەکانی پەروەردە و خوێندن و کاروباری کۆمەاڵیەتی و کارگێڕی و سیاسی.

سێیەم: قورئانی پیرۆز وەرگێڕانی هەژار، بێتە وانەی سەرەکیی خوێندنی ناوەندەکانی خوێندنی ئایینی و مزگەوت و حوجرەکان.

چوارەم: بە هاوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەکادیمیای کوردی، گشت دامودەزگا پەیوەندیدارەکان دەزگایەکی فەرمی لە کوردستان دابمەزرێ بۆ بایەخدان بە زمان و کاری فەرهەنگسازی و مێژووی زمان و بۆ یەکاڵکردنەوەی پرسەکانی زمانی کوردی وەک ڕێنووس و گرفتە ڕێزمانییەکان بە نوێترین پێداویستییە تەکنەاڵژییەکانی سەردەم و تاقیگەی دەنگی.

پێنجەم: پەیکەرێکی مەزن و تایبەت، لە ئاستێکی بەرزی هونەریدا لە هەولێری پایتەخت بۆ هەژار موکریانی دروست بکرێ.

شەشەم: ساڵانە لە سات و کاتی خۆیدا "دیداری هەژار موکریانی" بەڕێوەبچێت و هەر جارەی بۆ ژانرێک تەرخان بکرێ.

حەفتەم: ڕاگەیاندنی خوێندراو و بیستراو و بینراوی کوردی بەشێوەیەکی فەرمیی پابەند بکرێت بە زمان و ڕێنووسی پاراو و یەکگرتووی کوردی، نەک ئەو پاشاگەردانیی و وێرانەییەی ئێستا لە میدیای کوردی هەیە.

هەشتەم: پێویستە زمانی کوردی لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشکەوتنە تەکنەاڵژییەکان و لە سەردەمی بەدیجیتاڵکردن و ژیریی دەستکرد دا هاوشان و هاوتەریب بێت.

نۆیەم: زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان لەسەردەمی دیجیتاڵی و ژیریی دەستکرد دا، گرنگیی سەردەمیانە بە زمانی کوردی بدەن بۆ بە ئەلیکترۆنیکردنی هەموو بابەتە زمانەوانی و ئەدەبیی و کەلتوورییەکان، بە بوونی تاقیگەی هەمەجۆری ئەلیکترۆنی بۆ دەنگ و ئاخاوتن و گۆڕینی ئاخاوتن بۆ نووسین.

دەیەم: دامەزراندنی ناوەندێکی سەربەخۆ، یا ڕێکخراوێک بۆ زمانزانانی کوردستان کە گرنگی بە زمان و پرسەکانی بدات. پێویستە ئەو ناوەندە لە کەسانی پسپۆڕی هەر چوار پارچەی کوردستان و ئاشنا بە دیالێکتەکانی زمانی کوردی پێکهاتبن.

یازدەم: بە پشتیوانیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجوومەنێکی باڵای زمانی کوردی دابمەزرێ. ئەم ئەنجوومەنە لە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە هەموو زارەکانی زمانی کوردی پێکهاتبن و کاری سەرەکی ئەم ئەنجوومەنە گەشە و هەمەگیریی زمانێک بێ بۆ دروست کردن و پاراستنی بنەما نەتەوەییەکان.

دوازدەم: هەوڵ بدرێ، هەردوو شێوەزاری کرمانجی سەروو و خواروو لە حاڵی حازردا پێیان دەنووسرێت، تەواو لەیەکتری نزیکبکرێنەوە.

سێزدەم: لە ئەکادیمیای کوردی دەزگەیەک تایبەت بە فەرهەنگ دابمەزرێ زمانزانی هەرچوار پارچەی کوردستان کاری تێدا بکەن.

چواردەم: دابینکردنی سێرڤەری تایبەت بە ژیریی دەستکرد بۆ ئەوکەس و گرووپ و لایەنانەی کە دەیانەوێ بێ بەرانبەر خزمەتگوزارییەکانی ژیریی دەستکرد بۆ زمانی کوردی بەردەستبخەن.

پازدەم: دابینکردنی داتای پەیوەست بە زمان (بە شێوەی تێکست و دەنگ)، بە ڕاوێژ لەگەڵ پسپۆڕانی ژیریی دەستکرد، بۆ زمانی کوردی و بۆ ئەو زار و شێوەزارانەی هیچ سەرچاوەیەکی ئەوتۆیان لە بواری بەدیجیتاڵیکردنی زماندا نییە، بەتایبەت هەورامی، کوردی خواروو و لەکی.

شازدەم: پەرەپێدانی ئەرکەکانی زمانی کوردی بەتایبەت بۆ بواڕە جیاجیاکانی زانست و پشتگیری ئەو پڕۆژانەی کە خزمەت بەو ئامانجە دەکەن، بۆ نموونە: پەرەپێدانی ئینسایکلۆپیدیا وەکوو ویکیپیدیا. هەوڵدان بۆ بە کوردیکردنی بەشە زانستییەکەی لە قۆناغی بەکەاڵریۆسدا بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی پێشەنگی ئەو بواڕە.

حەڤدەم: هەوڵ بدرێ بەرهەمەکانی هەژار موکریانی بکرێنە کتێبی دەنگی.

هەژدەم: هەموو بەرهەمەکانی هەژار موکریانی بکرێنە دیجیتاڵی.

نۆزدەم: بە جیهانیکردن و ناساندنی زێتری هەژار موکریانی و بەرهەمەکانی لە ناوەندە ئەکادیمی و ئەدەبییەکان.

یەکەمین دیداری هەژار موکریانی.
٢٤ی شوباتی ٢٠٢٥

خولی یەکەمی خەڵاتی قەڵەمی هەژار

خەڵاتێک سەنگین چەشنی ناوی هەژاری شاعیر



بۆ یەکەمجار تۆڕێنگەی کوردستان ناسی، زانکۆی کوردستان لە سنە خەڵاتی قەڵەمی هەژار ڕادەگەیەنێت. خەڵاتەکە لەسەر ئاستێکی بەرز پێشکەش دەکرێت وچەند بواڕێکی جیاواز لە خۆ دەگرێت کە بریتین لە (نووسین، ئاوازدانان، وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە و بوارە جیاوازەکانی وەک ئەدەبی کوردی، لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و ئەدەبی، و تۆڕێنەوەی ئایینی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی) دەگرێتەوە. لێژنەی سەرپەشتیاری خەڵاتەکە چەند ڕێوشوێنێکی ئاسانکارییان بۆ بەشداران گرتووەتە بەر و لەو چوارچێوەیەدا لەڕێی سایتی تایبەتەوە ئاگانامەکان بڵاو دەکەنەوە.

بۆ خولی یەکەمی ئەم خەڵاتە کە هەر بە ڕاگەیاندنی خەڵاتەکە پێشوازی و دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، دەستەی ئامادەکاریی خەڵاتەکە چەند مەرج و ڕێنماییەکیان بڵاو کردەوە کە خۆی لەم خاڵانەدا دەبینییەوە:

١. بۆ خولی یەکەمی خەڵاتی قەڵەمی هەژار، مەرجی کاتی لەچاپدران بۆ بەرهەمەکان دیاری نەکراوە.

٢. تەنیا زمانی نووسینی ئەو بەرهەمانەی کە بۆ بەشی (ئەلف) ی بانگەواز (ئەدەبی کوردی: ڕۆمان، شیعر، شانۆنامە، ئەدەبی منداڵ و مێرمنداڵ، کۆمەڵە چیرۆک) دەنێردرێت، دەبێت زمانی کوردی بێت (هەموو جۆرە زار و زاراوەکان).

٣. زمانی ئەو بەرهەمانەی کە بۆ بەشی (ب) (تۆژینەوەی زمانناسی و ئەدەبی) و (پ) (بواڕە هاوبەشەکان) دەنێردرێن مەرج نییە کوردی بێت. بۆیە ئەو بەرهەمانەی کە بە زمانی فارسی یان زمانەکانی دیکە لەو بوارانەدا نووسراون، مافی بەشداریکردن لە خەڵاتی قەڵەمی هەژاریان هەیە. جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە وێڕای وەرگرتنی بەرهەمی تۆژێنەوە بە زمانی جیاواز، ناوەڕۆکی بەرهەمە پێشکەشکراوەکان تەرخان بکرێت بەو بابەتانەی کە بەشی (ب) و (پ) ی بانگەوازەکە دەیانگرێتەوە و هاوتەریب بن لەگەڵ تۆژینەوەی کوردی.

٤. سەبارەت بەو بەرهەمانەی کە پێشکەش دەکرێن بۆ پێشبڕکێ لە بەشی وەرگێڕانی ئەدەبی (تەوەری (ئەلف) ی بانگەوازەکە)، جێگای ئاماژەیە کە یەکێک لە زمانەکانی زێدەر یان مەبەستی وەرگێڕانەکە دەبێت کوردی بێت. بۆیە وەرگێڕانی هەر زمانێک بۆ سەر زمانی کوردی، یان وەرگێڕانی دەقی کوردی بۆ زمانەکانیتر قبوڵ دەکرێت. پێویستە داواکاران بۆ بەشداریکردن لە بەشی وەرگێڕان کۆپییەکی بەرهەمەکە بە زمانی زێدەر لەگەڵ بەرهەمی وەرگێڕدراو بنێرن.

٥. لە بەشی فەرهەنگ نووسیدا، فەرهەنگی تاکە زمان و دوو زمان یان فرە زمان قەبوڵ دەکرێت. لە فەرهەنگە دوو زمانە یان فرە زمانەکاندا، دەبێ یەکێک لە زمانەکانی سەرچاوە یان مەبەست، کوردی بێت (بۆ نموونە کوردیـ فارسی یان فارسیـ کوردی).

٦. ئەو خوازیارانەی لە ناوخۆی وڵاتدا دەژین، پێویستە بەرهەمەکانیان بە شێوەی چاپکراو و لە ڕیگەی پۆست بۆ نووسینگەی خەڵاتەکە بنێرن. پێویستە لە بەرهەمە چاپکراوە یەک بەرگییەکان سێ نوسخە، بەرهەمە دوو بەرگییەکان دوو نوسخە و بەرهەمە چەند بەرگییەکان یەک نوسخە بۆ نووسینگەی خەڵات بنێردرێت.

> خەڵاتەکە لەسەر ئاستێکی بەرز پێشکەش دەکرێت وچەند بواڕێکی جیاواز لە خۆ دەگرێت کە بریتین لە (نووسین، ئاوازدانان، وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە و بواڕە جیاوازەکان

٧. ئەو خوازیارانەی کە لە دەرەوەی وڵات دەژین دەتوانن بەرهەمەکانیان بە شێوەی وەشانی ئەلیکترۆنیکی (pdf) لەگەڵ نامەی بڵاوکەی بەرهەمەکەدا بۆ نووسینگەی خەڵاتەکە لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە بەناونیشانی info.ksi@uok.ac.ir بنێرن.

لێژنەی ئامادەکاری خەڵاتە دوای ئەوەشیان ڕاگەیاند کە بەپێی پێشوازیی بێوێنە و بەربڵاوی تۆژەران و نووسەران لە خەڵاتی قەڵەمی هەژار، و هەروەها داواکاریی زۆر و زەوەند بۆ درێژکردنەوەی دواوادەی پێشکەشکردنی بەرهەم، نووسینگەی خەڵات بەمەبەستی ڕێزگرتن لە داخوازیی ئەو ئازیزانە، لێرەوە ئاگادارتان دەکاتەوە کە دوامەودای پێشکەشکردنی بەرهەم بۆ خولی یەکەمی خەڵاتی قەڵەمی هەژار تا ١٠ی ڕەشەمەی ١٤٠٣ی هەتاوی، ٢٨ی شوباتی ٢٠٢٥ی زایینی درێژ دەکرێتەوە.

هەروەها بە مەبەستی ئاسانکاری لە پرۆسەی ناونووسی، ئاگاداری ئەو داواکارانە دەکەینەوە کە بە هەر هۆکارێک پێیان ناکرێت لە ماڵپەڕی خەڵاتەکە (hajar.uok.ac.ir) ناونیشانی خۆیان تۆمار بکەن، دەتوانن ناو و پاشناو، ناوی کتێب، ژمارەی پەیوەندیکردن، و ناونیشانیان، بە نووسراو، لەگەڵ بەرهەمەکەیان بۆ نووسینگەی خەڵات بنێرن. هەروەها بۆیان هەیە ئەو زانیارییانە لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە بۆ نووسینگەی خەڵات بە ناونیشانی info.ksi@uok.ac.ir. بەڕێ بکەن.

جێگای ئاماژەیە کە داواکارانی نیشتەجێی وڵاتی ئێران پێویستە بەرهەمەکانیان بە شێوەی چاپکراو و لە ڕێگەی پۆستەوە بۆ نووسینگەی خەڵات بنێرن. ئەو داواکارانەی کە نیشتەجێی دەرەوەی وڵاتن دەتوانن بەرهەمەکانیان بە شێوەی ئەلەکترۆنی (pdf) بۆ نووسینگەی خەڵات لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە info.ksi@uok.ac.ir بەڕێ بکەن.

وەک یەکەم خولی ئەم خەڵاتە هاوزمانان چاوەڕوانییەکی زۆریان هەیە کە خەڵاتەکە و سەنگینی بەها مەعنەوەییەکەی لە ئاستی گەورەیی و ناوەکەی (هەژاری شاعیر) دا بێت.

ئارام کۆشکی - سلێمانی
aramkoshki@ymail.com 07701472383

لە هەر خەرمانەی گوڵێک (٤٠٩)

"هەرجارەو ئایەتێک"



عومەر چنگیانی

ئاوڕدانەوەیەک لە سووڕەتی "والمرسلات عرفا"

بەشی شەشەم و کۆتایی:

باشە کە ناتوانن قسە بکەن، چۆن لە ئایەتی حەفتاوحەفتی سووڕەتی"زوخروف"دا دەفەرمێت:

"هاوار دەکەن لە "مالیک" و دەڵێن: دەی با پەروەردگارەکەت دەست بکات بە دادگاییەکەی نێوانمان."

باشە ئەمە چۆنە؟ ئەوە کاتێکە یان قسە ناکەن، یان قسەیەکیان نییە بیڵێن، ئەمە ئەو کاتەیە کە پێیان دەگوترێت:

"ئەمڕۆ بێدەنگ بن تیایدا و قسە نەکەن".

پاشان وەک لە ئایەتی سێانزەی سووڕەتەکەدا ئاماژەی پێ کرد، دیسان دەفەرمێت:

"ئەمڕۆ ڕۆژی جیاکەرەوەیە، کە ئێوە و ئەوانەی پێشتر لە ئێوەیشمان هەموو کۆ کردۆتەوە."

دوای ئەم هەموو بیرهێنانەوانە، بە تەوس و گاڵتەپێکردنەوە پێیان دەڵێت:

"دەی ئەگەر ئەمڕۆ فێڵێکتان هەیە لێمانی بکەن؛ ئەگەر شتێکتان پێ دەکرێت فەرموو بیهێننەوە جێ!"

لێرەیشدا پێیان دەڵێتەوە:

"ئاخرشەڕ خۆیان، ئەوانەی ئەم ڕاستیانە بە درۆ دەزانن"!

باسکردنی قورئان لە پاداشتی چاکەکاران لە ڕۆژی دواییدا فرەجۆر و فرەلایەنەیە و ناتوانین لە جۆرێکدا نە کۆی بکەینەوە و نە بچووکی بکەینەوە، لێرەیشدا دوای تێپەڕبوونی چل ئایەت و بە چڕی باسکردن لە دۆزەخ و سەرپێچیکاران و بگرەوبەردەیان، لە ئایەتی چلەوە بە چوار ئایەت پەردە لە ڕووی هەندێک لە خۆشییە چاوەڕوانکراوەکانی بەهەشتییەکان هەڵدەداتەوە و دەفەرمێت:

"بە ڕاستی ئەوانەی کە لە دنیادا خۆپارێز بوون لە تاوان و لە خوا دەترسان، لە ڕۆژی دواییی لە ژێر سێبەر و سایە و بگرە لە ناو سێبەر و سایە و چەندین جۆگا و باردا دەگوزەرێنن * وێڕای ئەوەی میوەگەلێکی وایان بۆ دەستەبەر دەبێت، کە خۆیان حەزیان بۆی دەچێت و دەیخوازن".

داخۆ لەوڕۆژەدا کە خۆر نزیک دەکرێتەوە لە زەوی و هەموان بە ڕووتی دێنرێینە ئەو گۆڕەپانە، خوا پێداوانیش ئازاد دەکرێن و حەزەکانیان بۆ تێر دەکرێت، دەبێ چی بخوازن؟ ئەی کە دەخوازن و پێیان دەدرێت، تا چەند نازیان بەسەردا دەکرێ و دەدرێتەوە بە چاویاندا؟! وەک بڵێی با مرۆڤ کە ئەو دوو ئایەتەی پێشووی خوێندەوە لەو جۆرە پرسیارانەدا نەتلێتەوە، باسمان لەوە بۆ دەکات کە بەو بڕواداڕە لە خوا ترسانە دەگوترێت:

"فەرموون بخۆن و بخۆنەوە، بەڵام خواردن و خواردنەوەیەکی بێ ئازار و بێ نەخۆشی، ئەمەیش کە پێتان دەدرێت، ناز ناکرێت بەسەرتانا بەڵکو لە دەرەنجامی کردەوە جوانەکانی خۆتانە".

کە قورئان پرپەتی لە ڕەوانبێژی و وردەکاری زمانەوانی، نەوەک لای خەڵک پرسیاری تر دروست ببێت، داخۆ ئەو جۆرە پاداشتانە بۆ قۆناغێک و بۆ خەڵکانێکی سەردەمێکی دیاریکراو هەیە و ئامادەکراوە؟

پێمان ڕادەگات و دەفەرمێت:

"بەڕاستی ئێوە و تۆیش لەوە ئاگادارین کە ئێمە ئاوەها پاداشتی ئەوانە دەدەینەوە کە چاکە خواز و چاکەکار و عەودااڵی چاک گفتاری و چاک ڕەفتارین * دەی وەیل بۆ ئەوکەسە بێت کە ئەم ڕاستیانە بە درۆ بزانێت".

جارێتر ڕووی گوتار دەکاتەوە بێبڕوایان کە گاڵتەیان لە هەموشتێک دێت و لەم دنیادا وا دەزانن هەر ئەو چێژ و حەز و نەوس تێر کردنەیە و بەس، پێیان دەڵێ:

"بخۆن و کەمێک چێژ وەربگرن بەڕاستی ئێوە تاوانکارن * دەی وەیل بۆ ئەوانە بێت کە ئەم ڕاستییانە بە درۆ دەزانن".

پاشان پێمان دەفەرمێت:

"ئەمانە بوون کە لە دنیادا داوای چەمینەوە و خۆ بەدەستەوەدان بۆخوایان لێ دەکرا، ئەنجامیان نەدەدا و نە دەچەمینەوە * وەیل بۆ ئەو کەسە بێت کە ئەم ڕاستییانە بە درۆ دەزانن."

لە دوای ئەم ڕاستیانە و ئەم هەموو بیرهێنانەوە کۆتا ئایەتی سووڕەتەکە بەوە دێنێت کە دەفەرمێت:

"ئەڕێ بە چ گوتارێک لە دوای ئەم ڕاستییانەی قورئان باوەڕ دەکەن".

لە کۆتایی هێنان بە لێکدانەوەی سووڕەتی "و المرسلات عرفا"دا بە ئەرکی دەزانم وەک ئەرکێک ئەوە بهێنمەوە بیری هەموولایەک کە لەگەڵ ئەو هەموو سەرکەشییانەیشدا وای بۆ دەچم هێشتا جاهیلەکانی مەکە باشتر لە "لااله الاالله" تێگەیشتن!

چونکە ئەوکاتەی کە پێغەمبەری ئیسلام محەمەد — دروود و سڵاوی خوای لەسەربێت — بانگی قوڕەیشی کرد بۆ یەک خواناسی ئەوان تێگەیشتن ئیتر دەبێ هەموو بتەکان وەلا بنرێن و تەنها خوایەکی ڕاستەقینە کە "الله"یە بپەرستن، بۆیە قورئان لە ئایەتی پێنجی سووڕەتی "ص" دا باسیان دەکات کە بەسەر سوڕمانەوە گوتیان:

"ئەی لەوە! هەموخواکان دەکاتە خوایەکی تەنها و بەس ؟ بەڕاستی ئەمە کارێکی سەرسوڕ هێنە".

ئەوەی ئێستا لە نێو مسڵمانانداا دەگوزەرێ، ئەو هەموو کێڵ و گۆڕ و شەخس پەرستییە، زۆر دوورە لە و بانگە پیرۆزەی ئیسلام بۆ یەکخواناسی!

باشە بڵێی ئیسلام بۆ ئەو دیمەنە قێزەونە ناشیرینانە هاتبێت کە ڕۆژانە کەناڵەکان دەیگوێزنەوە و خەڵک لە خۆیان دەدەن؟

ئاخر هەموو ئەو شتانە کە دوورن لە دینەکەی خوا و دوورن لە پەیامەکەی محەمەد — دروود و سڵاوی خوای لەسەر بێت — بۆ نیشان دەدرێن، بۆ ئەوەی نەیارانی ئیسلام بڵێن: ئەوە دینەکەیە و بۆ خۆتان سەرپشک بن!

هەر لەمیانەی پەروەردەی ناوازی قورئانە بۆ تاکەکان لەسەر حەز کردن بە ئایینی یەکخوا ناسی، کە لە میانەی پەروەردە پڕ لە ڕەوان بێژییەکانی قورئان لە ئایەتی "١٣٠"ی سووڕەتی "البقرە"دا دەفەرمێت:

"ئەوە کێیە کە هێند خۆی لە گێلی دەدات، یاخود بەدەر لەوانەنییە کە خۆیان دەگەوجێنن کەسێک کە خۆشیی لە ئایینی ئیبراهیم نەیەت و ڕێگای یەکخواناسی بەربدات".

فیعلی "رغب" لە هەر بەکارهێنانێکیدا بە پێی دوای خۆی ماناکەی دەگۆڕدرێت، ئەگەر پیتی "عن" لە پێتەکانی "جر"ی بەدواوە بوو ئەوە بۆ ڕقلێبوونەوەیە و ئەگەر "فی" بوو بۆ حەزپێکردنە.

دەرەنجام کەسێک خۆشی لە یەکخواناسی نایەت کە خۆگەوجێن و خۆگێلکار بێت.

لە وردەکاری ئایەتەکە ئەوەیە کە خەڵک دەگێڕێتەوە بۆ ئیبراهیمی باوکی پێغەمبەران — سڵاوی خوای گەورەیان لێ بێت — کە وا چاوەڕوان دەکرێ لە مرۆڤەکان بە گشتی لەسەر ئەو یەک ڕا بن.

هەولێر
ژمارە (٤٢٥٨) ٢٠٢٥/٢/٢٥

هەولێر ژمارەی کارتە ڕەنگاوڕەنگەکانی خولی نایابی کوردستان دەخاتە ڕ

دوای تێپەڕبوونی نۆزدە گەڕ بەسەر یارییەکانی ئەم وەرزەی خولەکە، ٥٨٧ کارتی زەرد و ٣٦ کارتی سوور بە ڕووی یاریزانانداو بەرز کراوەتەوە



دوای یارییەکانی گەڕی نۆزدەمی خولی نایابی کوردستان، ژمارەی کارتە زەرد و سوورەکان کە بە ڕووی یاریزانان بەرزەکرێنەوە لە زیاد بووندایە، ڕۆژنامەی هەولێر هەموو وەرزێک هەفتانە ئامار و زانیارییەکانی خولەکە بڵاو دەکاتەوە.

کزمەڵێک ئامار لەسەر خولەکە



دوای تێپەڕبوونی ١٩ گەڕ شێروانە زۆرترین یاری بردۆتەوە کە ١١ یاریە، چوارقورنە لە کۆی ١٧ یاری کە ئەنجامی داوە ٩ یاری یەکسان بووە کە زۆرترینە، شێروانە و زاخۆ زۆرترین گۆڵیان تۆمارکردووە کە ٣٥ گۆڵە، سەیدسادق زۆرترین گۆڵی لەسەر تۆمارکراوە کە ٣٦ گۆڵە.

تا ئێستا ٣٨ لێدانی سزا بۆ یانەکان هەژمار کراون، لەو ژمارەیە ٣٢ لێدانیان گۆڵیان پێ تۆمار کراوە و شەش لێدانیان بەفیڕۆ دراون.

ڕکەبەری گۆڵکاری خولەکە بەهێزە، تا ئێستا فەرحان شکور بە تۆمارکردنی پازدە گۆڵ گۆڵکاری خولەکەیە، بەڵێن فایەق یاریزانی چوارقورنە بە ١٠ گۆڵ لە پلەی دووەم دێت و عومەر بیبۆ لە زاخۆ و محەمەد خەلیل لە برایەتی ٩ گۆڵی هەیەو لە پلەی سێیەم دێن و محەمەد والح لە شەقلاوە ٨ گۆڵی هەیە و لە پلەی چوارەم دێت، گێلێرمی سانتۆس و جۆرجی لویس لە یانەی زاخۆ و بیلال سالح لە یانەی شێروانە ٧ گۆڵیان هەیە و لە پلەی پێنجەم دێن، فراسنسیس دادزی لە یانەی پێشمەرگەی هەولێر و نیعمەت عارف لە یانەی پیشەسازی و گەیلان بورهان لە چوارقورنە بە ٦ گۆڵ پلەی شەشەمی ڕیزبەندی گۆڵکارانیان گرتووە.

ژمارەی کارتە زەرد و سوورەکان

تا ئێستا لە یارییەکانی ئەم وەرزەی خولی نایابی کوردستان لە ١٣٣ یاری کە ئەنجامدراوە، ٣٣٦ گۆڵ تۆمار کراون ڕێژەی گۆڵ بۆ هەر یارییەک ٢،٥ گۆڵە، لەو ژمارەیە ١١٢٠ گۆڵیان لە نیوەی یەکەم و ٢١٦ گۆڵیان لە نیوەی دوومدا تۆمار کراون، گەڕی یەکەمی خولەکە زۆرترین گۆڵی تێدا تۆمارکراوە کە ٢٤ گۆڵە، ڕێژەی کارتە ڕەنگاوڕەنگەکان لەبەرزبونەوەدایە و ٥٨٧ کارتی زەرد بە ڕووی یاریزانان بەرزکراوەتەوە و لە کۆی ئەو ١٣٣ یاریەدا ٣٦ کارتی سوور بەڕووی یاریزانان بەرزکراوەتەوە، گەڕی شازدەمی خولەکە زۆرترین ژمارەی کارتی تێدا بەرزکراوەتەوە کە ٤٣ کارتی زەرد و ٣ کارتی سوورە.

ڕیزبەندی کلین شیت

دوای تێپەڕبوونی ١٩ گەڕ بەسەر یارییەکاندا ژمارەیەک گۆڵپارێز ئاستێکی بەرز لەگەڵ یانەکانیان پێشکەش دەکەن و توانیانە زۆرترین جار پارێزگاری لە گۆڵی تیپەکانیان بکەن، ڕیزبەندی زۆرترین کلین شیتیش تا ئێستا بەمشێوەیە:

١- گەیلان سادق— یانەی هەندرێن ٧ کلین شیت
٢- ڕەوەند عجیل — یانەی هەولێر ٦ کلین شیت
٣- عەباس یابر — یانەی ئاکرێ ٦ کلین شیت
٤- نیما عەزیز — یانەی دەربەندیخان، چوارقورنە ٦ کلین شیت
٥- هۆگر عەلی — یانەی زاخۆ ٥ کلین شیت

هێمن ئەسکەندەر - هەولێر

چەند یارییەکی بەهێز لە خولی نایابی کوردستان بەڕێوە د

یانەی ڕزگاری دەیەوێ لە یەکەم سالێدا لە خولی نایاب، مێژوو ت

ڕۆژنامەی هەولێر ژمارەی کارتە ڕەنگاوڕەنگەکانی خولی نایابی کوردستان دەخاتە



ئەمڕۆ سێشەممە، چەند یارییەکی گرنگ و بەهێز لە گەڕی ٢٠ خولی نایابی کوردستان ئەنجام دەدرێن، یانەکان هەوڵی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی ئەم وەرزەیان دەدەن، یانەی ڕزگاری دەیەوێت لەگەڵ یەکەم وەرز ئەنجامێکی مێژوویی لە خولی نایابی کوردستان تۆمار بکات، یانەکانی چوارقورنە و شەقلاوە، جەنگی مانەوە لە خولی نایابی کوردستان دەکەن، هەموو گەڕێک ڕۆژنامەی هەولێر شەن و کەوی یارییەکان دەکات و دوابین زنیاریی دەخاتەڕوو.

ڕزگاری — چوارقورنە

یانەی ڕزگاری لە یاریگەی خۆی میواندارییە یانەی چوارقورنە دەکات، ڕزگاری لەگەڵ ئەوەی یەکەم وەرزیەتی لە خولی نایابی کوردستان، بەڵام بە ئاستێکی نایاب دەردەکەوێت، بە تایبەت لە یاریگەی خۆی تائێستا هیچ دۆڕانێکی نییە، بۆیە ئەمە بۆ تیپی میوان زەحمەترین یاریی چوارقورنە دەبێت، بەڵام بۆ هاندەرانی ڕزگاری بەدەستهێنانی سێ خاڵ دەبێت، ڕزگاری بە کۆکردنەوەی ٢٦ خاڵ لە خانەی پێنجەم دێت.



یانەی چوارقورنە ئەنجامەکانی ئەم وەرزەی پێچەوانەی پلان و ئامانجەکانی تیپەکەیە، ئەوان خەونی بردنەوەی نازناوەکەیان هەبوو، کەچی ئێستا جەنگ لەسەر مانەوە دەکەن، تیپەکە هەموو هەوڵێک دەدات ئەم وەرزە لە دابەزین ڕزگاری بێت، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە ئەو ئامانجەی بێنێتە دی، بە ١٨ خاڵ لە خانەی سێزدەمی ڕیزبەندی دێت.

ڕانیە — سیروانی نوێ

یانەی ڕانیە لە یاریگەی خۆی میوانداریی یانەی سیروانی نوێ دەکات، تیپەکەی دەروازەی ڕاپەڕین، هەموو ئامانجیان مانەوەیە لە خولی نایابی کوردستان، بەڵام تا ئێستا لە دۆخێکی خراپدان و ئەو ئامانجەیان نەهێناوەتە دی کە لەسەرتای وەرز پلانیان بۆ داڕشتبوو، دوای ئەنجامدانی ١٩ یاریی ٢٩ گۆڵیان لێ تۆمارکراوە، ئەمە لاوازیی هێڵی بەرگریی تیپەکە دەردەخات، تەنیا ٢٠ گۆڵیان کردووە، کە دەکاتە گۆڵێک بۆ هەر یارییەک، ئەمەش لایەنی لاوازی هێرشبەرانی تیپەکە دەردەخات، بە کۆکردنەوەی ٢٠ خاڵ لە خانەی دوازدەیەمی ڕیزبەندی دێن، هەوڵ دەدەن یارییەکەیان بەرانبەر یانەی سیروانی نوێ، بکەنە وێستگەی مانەوە لە خولی نایابی کوردستان.

یانەی سیروانی نوێ، کە تاکە یانەیە لە سنووری پارێزگای سلێمانی چوار وەرز بەر لە ئێستا نازناوی خولی نایابیان بەدەست هێنابێت، بەڵام چەند وەرزێکە تیپەکە تەنیا بە یاریزانی لاو یاری دەکەن و تەنیا دەیانەوێت لە ڕیزی نایابەکان بەردەوام بن، ئەوان بە فشاری بەرز و بەرگریی بەکۆمەڵ، پارێزگاری لە گۆڵی خۆیان دەکەن، بە هێرشی پێچەوانە و تۆپی جێگیر هەوڵی گۆڵ تۆمارکردن دەدەن، ١٧ گۆڵیان تۆمارکردووە، کە ڕێژەیەکی کەمە تا ئێستا یانەکە بەدەستی هێنابێ، یانەی سیروانی نوێ دوای ١٩ گەڕ تەنیا ٢٣ خاڵیان لە هەگبەدایە و لە خانەی هەشتەمی ڕیزبەندی دێت.

دەربەندیخان — شەقلاوە

یانەی دەربەندیخان لە یاریگەی خۆی میوانداریی یانەی شەقلاوە دەکات، دەربەندیخان خاوەن ٣٠ گۆڵن، کە دووم تیپن لە ڕووی تۆمارکردنی گۆڵەوە، فەرحان شوکر بە ١٦ گۆڵ تا ئێستا گۆڵکاری خولەکەیە، کۆڕانی دەربەند هەوڵ دەدەن لەنێو یاریگەی خۆیان ئەنجامێکی باش بەدەست بێنن، چونکە ئەم وەرزە چەند گەڕێک لەنێو یاریگەی خۆیان ئەنجامی خراپیان تۆمار کرد، بۆیە دەیانەوێت نێوانی خۆیان لەگەڵ هاندەرانی تیپەکە ئاشت بکەنەوە، ٢٢ خاڵیان هەیە و لە خانەی دەیەم دێن، یا ئێستا مانەوەیان لە خولی نایابی کوردستان مسۆگەر نەکردووە.

یانەی شەقلاوە ئەم وەرزە بە خراپترین دۆخی خۆی تێدەپەڕێت، یانەکە تا ئێستا سێ ڕاهێنەری گۆڕیوە، بەڵام یانەکە نەیتوانیوە ئەنجامەکانی تیپەکەی باش بکات، دوای سێ مانگ ئینجا مووچەیان وەرگرت، دواتر ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئاستی تیپەکە هەبوو، لەنێو یاریگەی خۆیان بە دوو گۆڵ لەگەڵ شێروانەی پێشەنگی خولەکە یەکسابوون، دەیانەوێت وێستگەی دەربەندیخان بکەن بە هانگاوی هەڵسانەوە و مانەوە لە خولی نایابی کوردستان، ٣١ گۆڵیان لێ تۆمارکراوە، کە زیاتر لە هەموو تیپەکانی دیکە گۆڵیان لێکراوە، ١٥ خاڵیان هەیە و لە خانەی چواردەیەمی ڕیزبەندی دێن.

بارزان ئەکرەم - هەولێر

هەولێر چیرۆکی ئەستێرەیەکی دەروشاوەی شاری هەولێر دەگێڕێتەوە

محەمەد عوسمان، کوڕەکەی بەناوی هاوڕێ شەهیدکراوەکەی خۆی دەکاتەوە

محەمەد عوسمان، یەکێک لە یاریزان و وەرزشوانە دێرینەکانی هەولێر و کوردستانە، بە هۆزی بەهێزیی کەسایەتی و ڕەوشتبەرزییەکەیەوە لای زۆربەی خەڵکی خۆشەویست بووە، تەنانەت لای بەرپرسە باڵاکانی کوردستان و عێراق ڕێزی تایبەتی لێ گیراوە، لە کاتی کێشەکان گوێی لێ گیراوە و قسەکانی ئەویان بە گرنگ و ڕاست وەرگرتووە.

وەفا و خۆشەویستی ئەو بۆ هاوڕێ یاریزانەکانی تەنیا بە قسە نەبووە، بەڵکوو ئەو هەموو کات بە کردەوە بۆی سەلماندوون و لە کاتی تەنگانەو لێقەومانا بە هانایانەوە چووە، دوای شەهید بوونی مورسەل، کە دۆست و هاوڕێی گیانی بە گیانی یاریزان و شەهیدی سەنگەر (شەهید موڕسەل) بووە، محەمەد عوسمان کوڕێکی بەناوی ئەو یاریزانە شەهیدەوە دەکات، بۆ ئەوەی هەتا ئەو ڕۆژەی ماڵئاوایی لە ژیان دەکات، مورسەل هەر لەگەڵی بمینێت و لە یادی نەکات، کەمن ئەو کەسانەی بەمجۆرە بەرانبەر بە هاوڕێ و هاوپێشەکامی بە وەفا و دڵسۆزیێ بۆی، بەڵام هەستی وەفا و خۆشەویستی لە گیانی حاجی محەمەد زیاتر لە هەموو کەس بەهێزتر و تووندتر بوو، ئەمەش ببووە هەوێنی خۆشویستنی ئەو کەسە لە لایەن کەسانی دەوروبەرییەوە.

یاریزانی دێرینی شاری هەولێر بووە، لە دەستەی سەرەکی دامەزراندنی یانەی هەولێر بووە، بۆ چەندین یانەی شارەکە یاری کردووە و پاشان دەبێتە ڕاهێنەری زۆربەی یانەکانی هەولێر، تەنانەت لە جیهانی کارگێڕیش لێزان و کارزان بووە، کارگێڕی و سەرپەرشتیار بۆ خولەکانی کوردستان و عێراق کردووە، دوو ساڵ بەر لە مردنی بەردەوامی بەخزمەتی بواری وەرزش دەدا ، دواتر نەخۆشی ڕێگەی پێندا بەردەوام بێت و لە دنیای وەرزش دوورەدەکەوێتەوە.

محەمەد عوسمان ئەحمەد، ساڵی ١٩٤٧ لەشاری هەولێر لەدایک بووە، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازییە، ساڵانی ١٩٥٩ و ١٩٦٠ لەهەڵبژاردەی پەروەردەی هەولێر یاری تۆپی پێی کردووە، لەدەستەی دامەزرێنەری یانەکانی (هەولێر و برایەتی و هێرش و ئاڵا) بووە، زیاتر لەنیو سەدە وەک یاریزان و ڕاهێنەرێکی بەئەزموون خزمەتی تۆپی پێی کوردستانی کردووە، لەسەرەتای شەستەکاندا تێکڕای چالاکییەکانی شاری هەولێر بۆ ڕۆژنامە وەرزشییەکانی (مەلعەب و جمهور ریازی) ڕووماڵ دەکات، ماوەیەکی زۆر خزمەتی بواری ڕۆژنامەنووسی وەرزشی کوردی کردووە و خاوەن کتێبێکی ئامادەکراوە لەسەر یاری تۆپی پێ بەزمانی عەرەبی و بەناونیشانی (التدریب فی کرە القدم).

ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٢٠/٨/١٦ ئەستێرە دەروشاوەکەی وەرزشی کوردستان، محەمەد عوسمان دوای زیاتر لەدوو ساڵ نەخۆشکەوتنی لەتەمەنی ٧٣ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات و دەگەڕێتەوە ئەو جیهانەی مورسەلی هاوڕێی پێشووتر بۆی گەڕابووەوە.


بارزان ئەکرەم - هەولێر











مۆدریچ پێشوەختە چارەنووسی خۆی یەکلا دەکاتەوە

یاریزانی کرواتیی یانەی ریاڵ مەدرید لۆکا مۆدریچ، بڕیاری خۆی لەسەر چارەنووس و مانەوە یان بەردەوامبوونی لە یانەکەی دا.

یانەی ریاڵ مەدرید لە گەڕی ڕابردووی لا لیگادا، بە ئەنجامی ٢-٠ گۆڵ لە یانەی جیرۆنای بردەوە، لەو یاریەدا لۆکا مۆدریچ گۆڵێکی نایابی تۆمار کرد، کە لێدانێکی یەکجار بەهێزی لە دەرەوەی هێڵی سزا ئاڕاستەی گۆڵ کرد و گۆڵی یەکەمی یانەکەی تۆمار کرد.

سەرەڕای کەمبوونەوەی خولەکەکانی بەشداریکردنی لە یاریەکانی یانەکەی لەم وەرزە، بەڵام مێدیاکانی ئیسپانیا پێیان وایە، مانەوەی لە سەرکردایەتیی ریاڵ مەدرید، یەکلاکەرەوەیە و زۆر پێویستیشە بۆ تیمەکەی کارلۆ ئەنچیلۆتی.

ئەو یاریزانە ٣٩ ساڵانە، جێی ڕێزی هەموو ئەندام و یاریزانانی یانەکەیە.

بەپێی تۆڕی هەواڵی ریلیڤۆی ئیسپانی، مۆدریچ پێشوەختە بڕیاری خۆی دەدا، کە بۆندێکی نوێ بکا و لە کاتێکی زووتردا بکا، بەراورد بە بڕیارەکانی لە وەرزەکانی ڕابردوودا.

دوای یاریەکەی ڕابردووشیان، کارلۆ ئەنچیلۆتی ئاماژەی بە ئاستی مۆدریچ کرد و وتی: مۆدریچ دیاریەکە بۆ تۆپی پێ، پێویستە لەگەڵمان بەردەوام بێ بۆ زۆرترین ماوە.

گوتیشی: ئەو ئەفسانەیەکی ڕاستەقینەیە، هێشتا ئاستێکی باش بە جوانترین شێوە پێشکەش دەکا، زۆر بە پیشەگەرانەش دەجوڵێتەوە و یاری دەکا.

مامەیارە ئەحمەد - هەولێر



ونبوون

مەنەفێســـتی تۆتۆمبێلی جۆری (تویوتا هایلۆکس پیک اپ دبل قمارە) بە ناوی کۆمپانیای (المهند) ژمارەی تۆتۆمبیل (٥٣٦٥٦) کاتی هەولێر ڕەنگی (سپی) مۆدیل (٢٠٢٤) ژمارەی لاشە (MR0BU8CD5R0103780) کە لە بەڕێوبەرایەتی گومرگی ابراهیم خلیل دەرچووە ونبووە . جا هەر کەسێك دۆزیەوە با بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی .

ونبوون

ناســـنامەی قوتابی کۆلیژی پەروەردە بەشی بایۆلۆجی قۆناعی (٣) بە ناوی (لانە اسماعیل یاسین) ونبووە، جا هەر کەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی .

ونبوون

دەفتەری ڕێپێدانی گەڕانی تۆتۆمبێلی جۆری (نیسان صنی صالون) بە ناوی (نوار فخری محمد امین) ژمارەی تۆتۆمبیل (J٢٢/٤١٤١٠/تایبەت ڕەنگی (سپی) مۆدیل (٢٠٢٣) ژمارەی لاشە (DA1BBAN17P0143207) ونبووە . جا هەر کەسێك دۆزیەوە با بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی .

بەڕێوبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەڕێوبەرایەتی جێ بەجێ کردنی/دهشتی هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٦/انابە/٢٠٢٥
ڕێکەوت: ٢٠٢٥/٢/٢٠

جاردان

بەڕێوبەرایەتی جێ بەجێ کردنی (دهشتی هەولێر) مولکی ژمارە (٢١/١٠١٩ ك ٧٢ دارەتوو)کە کەوتوەتە (دارەتوو) دەفرۆشێت، خاوەنەکەی قەرزار (خالد محمود حسین)ە کە گلدانەوەی خراوەتە سەر لە جیاتی قەرزی (محمد قاسم محمد) بەبڕی (٤٣,٥١٠,٠٠٠) دینار، هەر کەسێ ئارەزومەندە لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە (١٠٪) نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی نامادەبێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

سیروان سلیم اسعد
جێ بەجێ کاری داد

ئاکارەکان

١- شوێن و ژمارەی: ٢١/١٠١٩ ك ٧٢ دارەتوو
٢- ڕەگەزو جۆری/ خانوو .
٣- سنوور ئاگاداری/ لە تۆماری هەمیشەیی هاتووە.
٤- پێکهاتەکــەی/ لــە دوو خانوو / خانووی یەکەم نهۆمی یەکەم یەك ژوور و هۆڵ و مطبخ و حمام و مرافق صحی نهۆمی دووەم دوو ژوور و هۆل و حمام و مرافق وە خانووی دووەم بەهەمان شێوە.
٥- پلەی ئاوەدانکاری / ئاوەدانە .
٦- نیشتەجێکەی/خاوەن مولك .
٧- نرخی قرساو/ ٤٤,٤٤٤,٤١٦ چل و چوار ملیۆن و چوار سەد و چل و چوار هەزار و چوار سەد و شانزە دینار.

مديرية الجنسية والاحوال المدنية لمحافظة اربيل
شؤون الاحوال المدنية
الواقعات
العدد : ٤٢٩٦
التاريخ : ٢٠٢٥/٢/٢٠

إعلان

قدمت المواطنة (داربين برهان احمد) دعوى تبديل اسمها من (داربين) الى (رۆزا) فمن لدية اعتراض المراجعة خلال (١٥) يوم من تاريخ نشرة في الجريدة وبكعسه فسوف تنظر هذه المديرية في المدعوى وفق أحكام المادة (٢٢) من قانون البطاقة الوطنية الرقم (٣) لسنة (٢٠١٦)

ع/اللواء الحقوقي
نشأة ابراهيم الخفاجي
المدير العام

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
هۆبەی تۆمارکردنی نامێزەکان
ڕێکەوت: ٢٠٢٥/٢/٢٤

ئاگاداری

بەپێی ئەو داواکارییەی کە پێشــکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (ســالار قادر رشــید) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٢/١٣) کە داوای تۆمارکردنی نامێزەکانی کردووە دەگەڕێتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ خۆی و نێســتا داندراوە لە (پ.باشــوور) و وەسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەو کەسەی پەیوەندی بەمەو بە کەمل و پەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێو شوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەســتی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکان بە دواکەوتوو دادەنرێت تا کاتی یەکلایکردنــەوەی داواکە و ناڕازیبوون بۆ ماوەی (٧) حــەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بە گوێرەی یاسا دانوسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم
بۆزتان کامیران میران

جۆری نامێزەکان

١- نامێزی پلازمای زیرەك بۆ بڕینی ئاســن / ژمارە SPL-BR301 / دروســتکراوی تورکی / مۆدیل ٢٠٢٣ / جۆری سوتەمەنی کارەبا / توانای کارەبایی K.W 85 / بە ماتۆری کارەبایی کاردەکات / نرخی ٢١٠,٠٠٠,٠٠٠ .
٢- نامێزی تۆرنەی تەرهیم کردن و دایس کردنی شیش و ئاسن ٤ م / ژمارە بێ ژمارە / دروستکراوی ئیتالی / مۆدیل ٢٠٢٠ / جۆری سوتەمەنی کارەبا / توانای کارەبایی K.W 15 / بە ماتۆری کارەبایی کاردەکات / نرخی ١٠٥,٠٠٠,٠٠٠ .
٣- نامێزی تۆرنەی تەرهیم کردن و دایس کردنی شیش و ئاسن ٢ م / ژمارە ٥٨٨٨ / دروستکراوی بولغاری / مۆدیل ٢٠١٩ / جۆری سوتەمەنی کارەبا / توانای کارەبایی K.W 10 / بە ماتۆری کارەبایی کاردەکات / نرخی ٣٠,٠٠٠,٠٠٠ .
٤- نامێزی دڕێلی ستوونی / ژمارە بێ ژمارە / دروستکراوی یابانی / مۆدیل ٢٠٢٠ / جۆری سوتەمەنی کارەبا / توانای کارەبایی K.W 4 / بە ماتۆری کارەبایی کاردەکات / نرخی ٧٥٠,٠٠٠ .
٥- نامێزی لەحیمی ئارگۆن / ژمارە بێ ژمارە / دروســتکراوی یابانی / مۆدیل ٢٠٢٠ / جۆری ســوتەمەنی کارەبا / توانای کارەبایی ٤٠ ئەمپێر / بە ماتۆری کارەبایی کاردەکات / نرخی ١٠٥,٠٠٠,٠٠٠ .
٦- نامێزی کڕێنی سەقف ٨ تەنی / ژمارە بێ ژمارە / دروستکراوی ئەلمانی / مۆدیل ٢٠٢٠ / جۆری سوتەمەنی کارەبا / توانای کارەبایی K.W 20 / بە ماتۆری کارەبایی کاردەکات / نرخی ٧,٥٠٠,٠٠٠ .

دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە/ ٤٦/ب/١/٢٠٢٥
ڕێکەوت/ ٢٠٢٥/٢/٢٤

جاڕدان
بۆ/ داواکێکراو (شوان اسماعیل حویز)

لەسەر داوای داواکار (نسرین جوهر حسین) لە داوای ژمارە ٤٦/ب/١/٢٠٢٥ لەم دادگایە لەبەرواری ٢٠٢٥/٢/٩ بریاری دا بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار (نسرین جوهر حسین) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری پارێزگای هەولێر/گەڕەکی بەختیاری بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت بەبریارەکە لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێمی کوردســتان بەم بریارەو بریارێکی پاشملەیە و (قابلا للتمییز)ە و مافی تانەدانت هەیە لە بریارەکە لەماوەی یاساییدا، بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادوبر/ کاوە صدیق حسین

سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە: ٧٠/ب/١/٢٠٢٥
ڕێکەوت: ٢٠٢٥/٢/١١

جاڕدان
بۆ داواڵێکراو (ضحی عبد محمود)

داواکار (محســین محمد امین قادر) داوای ژمارە (٧٠/ب/١/٢٠٢٥)ی لەم دادگایە تۆمار کردووە) وە لەبەر ئەوەی شــوێنی دانیشــتنت نادیارە بە پێی اشــعاری مختاری (پارێزگای هەولێر / موختاری گەڕەکی سەربەســتی / ٣٢ پارك)، بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بە مەبەستی نامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠٢٥/٣/٢) کاتژمێر (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت .

دادوەری یەکەم/ کاوە صدیق حسین

بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سۆران
سەرۆکایەتی لێژنەی زەوی و دەست بەسەراگرتن لە سۆران
ژمارە: ٢٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٥/٢/٢٤

ئاگاداری

لەسەر داوای میراتگری خوالێخۆشبوو (عبدالکریم محمد نسیم) سەرۆکایەتی لێژنەکەمان هەڵساوە بە ڕاستکردنەوەی نار:-

لە (الحاج شــیخ محمد حنیفە بن الحاج شــیخ نصیب بیر خدری) بۆ (محمد نســیم ابراهیم) لە بریاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (١ . ٦، ١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ٣٤، ٤٠، ٤١، ٤٢، ٤٣، ٤٦، ٤٧، ٥٠، ٥٥، ٥٨، ٥٩، ٦٠، ٦١، ٦٢، ٦٣، ٦٧، ٦٩، ٧٠، ٧١، ٦٦، ٧٤، ٧٥، ٧٧، ٨٧، ٨٨، ٩٠، ١٢٥، ١٢٦، ١٣٢، ١٤٣، ١٤٧) کەرتی (١٤/جل بەســەر) کە لە ســالانی تسویە بەهەڵە تۆمار کراوە . جا هەر کەس و لایەنێك بەر هەلســتکاری هەیە لەسەر ڕاســتکردنەوەی ناوەکە پێویســتە ئاگادارمان بکاتەوە لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە بە پێچەوانەوە لێژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.

سەرۆکی لێژنە / کاروان ابراهیم اسماعیل

بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سۆران
سەرۆکایەتی لێژنەی زەوی و دەست بەسەراگرتن لە سۆران
ژمارە: ٢٨
ڕێکەوت: ٢٠٢٥/٢/٢٤

ئاگاداری

لەسەر داوای میراتگری خوالێخۆشبوو (عبدالکریم محمد نسیم) سەرۆکایەتی لێژنەکەمان هەڵساوە بە ڕاستکردنەوەی نار:-

لە (الحاج شیخ محمد حنیفە بن الحاج شیخ نصیب بیر خدری) بۆ (محمد نسیم ابراهیم) لە بریاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (١ . ٢، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥، ١٧، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٧، ٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣٦، ٣٧، ٣٨، ٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٣) کەرتی (١٣/بانەقەلات) کە لە ســالانی تســویە بەهەڵە تۆمار کراوە . جا هەر کەس و لایەنێك بەر هەلســتکاری هەیە لەسەر ڕاستکردنەوەی ناوەکە پێویستە ئاگادارمان بکاتەوە لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە بلاوکردنەوەی ئاگادارییەکە بە پێچەوانەوە لێژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.

سەرۆکی لێژنە / کاروان ابراهیم اسماعیل

بەڕێوبەرایەتی گشتی تۆمارگەی خانوبەرە
تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی سۆران

بریاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانوبەرە

پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە مولکی زنجیرە (٢٥/٤٩٦) لە گەڕەکی (دیانا) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/١/٢٢) وە دەرتەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە و بە پێی دەســەڵاتەی ماددە (٤٨)ی یاســای تۆمارکردنی خانوبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو پێی داوام بریارم دا خاوەنداریەتی تەواو ی خانوبەرەی دیاریکراو بەناوی (علی مامند حســن) بچەســپێ و ئەم بریارەش بەپێی ماددەی (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ بڵاوبکرێتەوە.

سەرۆکی لێژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەری بەرایی دادوەر/نفیسە جمال کاکر

بەڕێوبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر/١
ژمارە: ٢٩٧٠/ج/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٥/٢/٢٠

ئاگاداری

ئەم بەڕێوبەرایەتیە لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٢٩٧٠/ج/٢٠١٩) هەڵدەستێت بە فرۆشتنی (کۆمپانیای زڕین بۆ گۆڕینی دراو / سنووردار) قەرزار (بشار رشید احمد) بەبڕی (٣٧،٥٠٠،٠٠٠) ملیۆن دینار. جا هەرکەسێك ئارەزووی کرینی هەیە لە ماوەی (٧ حەوت) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە ئاگادارییە نامادەبێت لەم بەڕێوبەرایەتیە وە بارمتەی یاسایی لەگەل هۆی کە لە (١٠ ٪) نرخی قرساوەکەیەتی وە دەلالیش لەسەر کریارە.

جێ بەجێ کاری داد/ ادیب حسن رسول

بەڕێوبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر/١
ژمارە: ٢٩٧٠/ج/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٥/٢/٢٠

ئاگاداری

ئەم بەڕێوبەرایەتیە لە دۆســیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٢٩٧٠/ج/٢٠١٩) هەڵدەستێت بە فرۆشــتنی (کۆمپانیای میردین - بۆ ئالوگۆڕی دراو / ســنووردار) قەرزار (بشار رشــید احمد) بەبڕی (٧٥،٠٠٠،٠٠٠) ملیۆن دینار. جا هەرکەســێك ئارەزووی کرینی هەیە لە ماوەی (٧ حەوت) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە ئاگادارییە نامادەبێت لەم بەڕێوبەرایەتیە وە بارمتەی یاســایی لەگەل هۆی کە لە (١٠ ٪) نرخی قرســاوەکەیەتی وە دەلالیش لەسەر کریارە.

جێ بەجێ کاری داد/ ادیب حسن رسول

دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٨٠/ج/٢٠٢٤
ڕێکەوت: ٢٠٢٥/٢/١٢

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ پیرداود جوهر مولود
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٢٤ لەیاسای سزادان و سەلماندنی هەلاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بە ماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ نامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠٢٥/٥/١١ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.

سەرۆك/ نادر عبدالعزیز محمدامین

ونبوون

پســوولەی شــارەوانی دوو بەناوی فریدون کریم وهاب بڕی پارە ٥٠٠هەزاردینار، ژمارەی پســوولە ٠٠٣٤٦٠٢ لەبەرواری ٢٠٢٤/٥/٢٣هەرکەسێك دۆزیتیەوە بگەڕێنتەوە شوێنی دەرچوونی

دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ١٩٥/ج/٢٠٢٤
رێکەوت: ٢٠٢٥/٢/١١

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ محمد عباس همزه
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددە ٤٤٤ لەیاسای سزادان و سەلماندنی هەلاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی نێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بە ماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ نامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەرۆژی ٢٠٢٥/٥/١١ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.

سەرۆك/ نادر عبدالعزیز محمدامین

دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ١٣٤/ج/٢٠٢١
رێکەوت: ٢٠٢٥/٢/١٣

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ صباح خلیل صبری
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددە ٤٢١ لەیاسای سزادان و سەلماندنی هەلاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی نێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بە ماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ نامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەرۆژی ٢٠٢٥/٥/٢٨ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.

سەرۆك/ نادر عبدالعزیز محمدامین

دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٢٥٧/ج/٢٠٢٢
رێکەوت: ٢٠٢٥/٢/١٣

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ محمد زعیم حبش
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددە ٣٩٣ لەیاسای سزادان و سەلماندنی هەلاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی نێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بە ماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ نامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەرۆژی ٢٠٢٥/٥/٤ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.

سەرۆك/ نادر عبدالعزیز محمدامین

سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ٣٢٥/ج٣/٢٠٢٤
رێکەوت: ٢٠٢٥/٢/٥

بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو (نالی محمد امین احمد)
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددە ٤٠٦ لەیاسای سزایی وە سەلماندنی هەلاتنت و نادیاری جیگاکەت لەکاتی نێستادا بۆیە بریاردرا و پالپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێی راگەیاندنت لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بۆ نامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لەرۆژی ٢٠٢٥/٤/٣٠ وە بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.

دادوەر/ زرار محمود مرادخان

سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ٣٤١/ج٣/٢٠٢٤
رێکەوت: ٢٠٢٥/٢/٩

بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو (سرکەوت محمود حسن)
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددە ٣١/٤٠٥ لەیاسای سزایی وە سەلماندنی هەلاتنت و نادیاری جیگاکەت لەکاتی نێستادا بۆیە بریاردرا و پالپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێی راگەیاندنت لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بۆ نامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لەرۆژی ٢٠٢٥/٥/٢٦ وە بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.

دادوەر/ زرار محمود مرادخان

سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ٣٥١/ج٣/٢٠٢٤
رێکەوت: ٢٠٢٥/٢/٩

بۆ/ تۆمەتبارانی هەلاتوو (نجاه محمد صالح و سردار محمد صالح)
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی ئێوە تۆمەتبارن بەپێی ماددە ٤٠٦ لەیاسای سزایی وە سەلماندنی هەلاتنتان و نادیاری جیگاکەتان لەکاتی نێستادا بۆیە بریاردرا و پالپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێی راگەیاندنتان لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بۆ نامادەبوونتان لەبەردەم دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لەرۆژی ٢٠٢٥/٥/٢٦ وە بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقتان بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.

دادوەر/ زرار محمود مرادخان

دادگای کەتنی هەولێر/٦
ژمارە: ١٤٨٥/ك/٢٠٢٤/٦
رێکەوت: ٢٠٢٥/٢/٩

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ ئاثر زید امعلاء
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان و سەلماندنی هەلاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی نێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ نامادەبوونت لەبەردەم دادگای کەتنی هەولێر/٦ لەرۆژی ٢٠٢٥/٥/٦ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێت بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.

دادوەر/ اسمر طیب ابراهیم

دادگای کار لە هەولێر
ژمارە/ ١٧٢/ك.س/٢٠٢٣
رێکەوت/ ٢٠٢٥/٢/١٣

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ عبدالرحیم أنور
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بەپشت بەستن بە ماددەی (١٤٣) لەیاسای بنەمەکانی دادگایکردنی سزا دادگاکەمان بریاری دا لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی نامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لەرێکەوتی ٢٠٢٥/٤/٣٠ بە مەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی (٣٠ – ٩٩) لە یاسایی (دەستەبەری کۆمەڵایەتی) بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیار دەبیت بۆیە دادگایی کردنت بەشێوەی پاشملە (غیابی) بەرێوەدەچێت بەگوێرەی رێساکان.

دادوەر/ ناڤان محسن رشید

دادگای کار لە هەولێر
ژمارە/ ٣٧/ك.س/٢٠٢٤
رێکەوت/ ٢٠٢٥/٢/١٣

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ ALIARD SNYMATE
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بەپشت بەستن بە ماددەی (١٤٣) لەیاسای بنەمەکانی دادگایکردنی سزا دادگاکەمان بریاری دا لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی نامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لەرێکەوتی ٢٠٢٥/٤/٣٠ بە مەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی (٣٠ – ٩٩) لە یاسایی (دەستەبەری کۆمەڵایەتی) بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیار دەبیت بۆیە دادگایی کردنت بەشێوەی پاشملە (غیابی) بەرێوەدەچێت بەگوێرەی رێساکان.

دادوەر/ ناڤان محسن رشید

دادگای باری کەسی هەولێر/١
ژمارە: ٦٢٤٩/ش١/٢٠٢٤
رێکەوت:٢٠٢٥/٢/٢٣

جاردان
بۆ/ داوالێکراو (هژار کریم حبیب الله) شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (کویستان مصطفی جهاندیده) داوای ژمارە: ٦٢٤٩/ش١/٢٠٢٤ لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفریق للهجر) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری مختاری کسنزان بۆیە دادگا بریاریدا بەپێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بەمەبەستی نامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠٢٥/٣/٥ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ناشکراو پاشملە.

دادوەری یەکەم/ مسعود سعید صدیق

دادگای بەرایی هەولێر/٢
ژمارە/ ٣٦٣٣/ب٢/٢٠٢٤
رێکەوت/ ٢٠٢٥/٢/٢٤

جاردان
بۆ داوالێکراو/ بازران عبدالواحد قادر

داواکار (أرسلان قرنی عبدالرحمن) داوای ژمارە ٣٦٣٣/ب٢/٢٠٢٤ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراو (بازران عبدالواحد قادر) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی سەرەکیت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گوندی (هەولێری نوێ) بۆیە ئەم دادگایە بریاریدا بەپێراگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە بەمەبەستی نامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی رێکەوتی ٢٠٢٥/٤/٨ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە (غیابی) پاشملە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت..

دادوەر/ قباد شێرزاد نوری

دادگای بەرایی هەولێر/٣
ژمارە: ٣٩٣٤/ب٣/٢٠٢٤
رێکەوت: ٢٠٢٥/٢/٢٣

جاڕدان
بۆ داوالێکراو/ بازران عبدالواحد قادر

داواکار (أرسلان قرنی عبدالرحمن) داوای ژمارە (٣٩٣٤/ب٣/٢٠٢٤)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت بە پابەندکردنت بە دانی بری پارەی (٤٠٠٠،٠٠٠) دۆلار وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (هەولێر/ هەولێری نوێ) لە ٢٠٢٤/١٢/٢١ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی نامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی رێکەوتی ٢٠٢٥/٣/١٨ کات (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ گۆزران عبدالخالق عبدالقادر

دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:١٢٦٥/ش٤/٢٠٢٥
رێکەوت:٢٠٢٥/٢/٢٣

جاردان
بۆ/ داوالێکراو (سلیا ستو کۆولد) شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (دیار عبدالجبار حاجی) لەم دادگایە داوایەکی لەسەر داوالێکراو (سلیا ستو کۆولد) تۆمارکردووە بەژمارە (١٢٦٥/ش٤/٢٠٢٥) تیایدا داوای (تصدیق طلاق خارجي) دەکات وە لەبەر ئەوەی تۆ شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی نووسراوی نیشعاری مختاری گەرەکی (منارە) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆ و رۆژانە بەمەبەستی نامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠٢٥/٥/١٢ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ناشکراو پاشملە.

دادوەر/ مازن مظفر محمد

دادگای بازرگانی هەولێر
ژمارە: ١٢٦/بازرگانی/٢٠٢٤
رێکەوت: ٢٠٢٥/٢/٢٤

جاردان
بۆ داوالێکراو ١- ندیم محمد ابی حیدر ٢- باسکال اسعد ابوزید

داواکار (مرد علی رسول) داوای ژمارە ١٢٦/بازرگانی/٢٠٢٤ ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراوان (١- ندیم محمد ابی حیدر ٢- باسکال اسعد ابوزید) دادگا بریاریدا بە پابەندکردنتان بەدانی بری پارەی (١٢،٥٠٠) دوازدە هەزار و پێنج سەد دۆلاری امریکی یان بەرامبەرەکەی بڕی (١٨،٧٥٠،٠٠٠) هەژدە ملیۆن و حەوت سەدو پەنجا هەزار دینارى عێراقی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بەپێی اشعاری مختاری گەرەکی (نازادی نوێ) لە ٢٠٢٤/٤/١٤ بۆیە ئەم دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی دەرچوونی بریار بەپاشملە.

دادوەر/ تەرزە سالار عثمان

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر/١
ژمارەی دۆسیە: ٢٠٢٤/١١٢٠
رێکەوت: ٢٠٢٥/٢/٢٤

ئاگاداری
بۆ/ فرياد علی حسن

لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن، بڕیاردرا لەرێگای رۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) رۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە نامادە بن لە بەڕێوەبەرایەتەکەمان بەمەبەستی جێبەجێکردنی بریاری دادگا ژمارە (٢٥٧٥/ب١/٢٠٢٤).

جێبەجێکاری داد/ ادیب حسن رسول

ونبوون

دەفتەری رێگەپێدانی گەرانی ئۆتۆمبێل کە لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر بەشی ئۆتۆمبێل دەرچووە جۆری شوفرلیت تاهو استیشن مودیل ٢٠٢٢ڕەنگی ڕەش ژمارەی ئۆتۆمبێل /A٥٤٠٣٩ /٢٢نایەت بە ناوی ماجد ناصر سلمان ونبووە جا هەر کەسێک دۆزیەوە بیگەڕێنتەوە شوێنی دەرچوونی.



ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەكەینەوە كۆمپانیای (أسیل) بۆ (بازرگانی گشتی وبازرگانی قاوە /سنورداری تایبەت) بریاری گۆرینی (ناو)ی كۆمپانیای داوە لە كۆمپانیای (أسیل) بۆ كۆمپانیای (الأسیل)، بۆیە هەر كەسێك ناڕەزایی یان مافێكی لە سەر كۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی كۆمپانیاكانی هەولێر بكاتەوە لە شاری (هەولێر١٠٠م-جووت سایدی برایەتی- بەرامبەربەندینخانەی چاكسازی) بۆ یەكلایكردنەوەی كێشەكان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری كۆمپانیاكانی هەولێر

(حكومەتی هەریمی كوردستانی عیراق)
وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێ كردن
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبان ئاوەدان كردنەوە و نیشتەجێ كردن / هەولێر
ژمارە: ٦٦١
ڕێكەوت: ٢٠٢٥/٢/٢٣

بانگەوازی ژمارە (٤٠)

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبان ئاوەدان كردنەوە و نیشتەجێ كردن / هەولێر ئاگاداری سەرجەم كۆمپانیاكان دەكاتەوە كە كەمكردنەوەی ئەم پڕۆژەیەی خوارەوە هەیە بۆ جێ بەجێ كردن :-

ناوی پڕۆژە :- قیرتاوكردنی ڕێگای گوندی سارتك لە ناحیەی سێگەردكان لە قەزای كۆیە سەر بە پارێزگای هەولێر بە درێژی ١،٥كم

• هەر كەس ئارەزووی بەشداری كردنی هەیە لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٢/٢٤) دوو شەمەمە سەردانی بینای بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبانی هەولێر نزیك كۆلیجی كارگێری و ئابووری بەمەبەستی وەرگرتنی بەڵگەنامەكانی كەمكردنەوەی پڕۆژەی ناوبراوی سەرەوە بەرامبەر (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزاردیناری عیراقی، كە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەكەی لە كاتی سپاردنی پڕۆژەكە، كرێی بڵاوكردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەكەوێتە ئەستۆی ئەو كەسەی كە پڕۆژەكەی بۆ دەردەچێت.

١- گشت ڕێكارەكانی بانگەواز كردنەوە و شیكردنەوە و سپاردنی پڕۆژەكە بە پێ ی ڕێنمایی جێ بەجێ كردنی گرێ بەستە گشتییەكانی ژمارە (٢) ی بۆ ساڵی ٢٠١٦ ئەنجام دەدرێت.

٢- فرۆشتنی بەڵگەنامەكانی كەمكردنەوە لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٢/٢٤) دوو شەمەمە دەستپێدەكات تا ڕۆژی (٢٠٢٥/٣/٩) یەك شەمە لە كاتژمێر (٩) ی سەر لە بەیانی تا كاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ.

٣- دوا ڕۆژی پێشكەش كردنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٣/١٢)چوار شەمە كاتژمێر (١١)سەر لە بەیانی دەبێت.

٤- ڕۆژی كردنەوە و ئاشكرا كردنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٣/١٢) چوار شەمە كاتژمێر (١١) سەر لە بەیانی دەبێت.

٥- ئەگەر ڕۆژی كردنەوە و ئاشكراكردنی تەندەر بو بە پشوی فەرمی بە هەر هۆیەك بێت، ئەوا یەكەم ڕۆژی دەوامی دوایی پشوەكە دەبێتە ڕۆژی كردنەوە و ئاشكراكردنی تەندەر.

٦- هیچ تەندەرمیەك لە دوای كاتی دیاری كراو وەرناگیرێتەوە.

٧- گەرەنتی تەندەر :- بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستبەركردنی تەندەر (التعهد الخطی الضامن للعطاء) كە پێویستە لە بەشی كاروباری یاسایی بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان تصدیق كرابێت.

٨- ماوەی كاركردوو تەندەرەكان (مدة صلاحیة العطاءات) ٩٠ ڕۆژە لە دوا ڕۆژی پێشكەش كردنی تەندەر.

٩- باشتر وایە كۆمپانیا بەشداربووەكان ئامادەی پڕۆسەی كردنەوەی تەندەر بن یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بكەن بۆ ئەم مەبەستە.

١٠- پێویستە ئەو كۆمپانیایانەی كە بەشداری دەكەن ئەستۆ پاكی باجی دەرامەتیان بۆ ساڵی نوێ بێت.

١١- مەرج نی یە بەڕێوەبەرایەتیەكەمان بە نزمترین نرخی تەندەر رازی بێت.

١٢- پێویستە ئەو كۆمپانیایانەی كە بەشداری دەكەن پلەی پۆلین كردنیان (وەزارەتی پلان دانان) لە بواری كارەكانی بیناسازی لە پلەی (٢ - ٧) بێت وێنەیەك لە پیناسەی پۆلین كردنیان نوێ كراو بێت و پێشكەش بكرێت لەگەڵ تەندەر.

١٣- پێویستە ئەو كۆمپانیایانەی بەشداری دەكەن گشت ئەو دۆكیومێنت و زانیاری و خشتە (پاش پركردنەوە) كە لە (القسم الرابع - نماذج العطاء) لە بەڵگەنامەكانی كەمكردنەوەی پڕۆژە دیاری كراوە پێشكەش بكەن لەگەڵ تەندەر و لەوان :-

• نووسراوی پێشكەش كردنی تەندەر (كتاب تقدیم العطاء)

• خشتەی كاری هاوشێوەی (جدول الأعمال المماثلة) لەگەڵ بەڵگەنامەی پێویست (نووسراوی سپاردن، گرێ بەست، فەرمانی تەواوبوونی پڕۆژە).

١٤- بەمەبەستی زانیاری زیاتر، كۆمپانیاكان دەتوانن سەردانی بینای بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبانی هەولێر نزیك كۆلیجی كارگێری و ئابووری بكەن و وێنەیەك لە بەڵگەنامەكانی كەمكردنەوەی پڕۆژەی ناوبراوی بێنن یاخود بۆ هە پرسیارێك پەیوەندی بەم ژمارەیەوە بكەن (٠٧٥١ ٧٨٧ ٧٩ ٨٢).

ئەندازیار

هونەر نوری وەلی

ب.گ.ڕێگاوبان و ئاوەدان كردنەوە و نیشتەجێكردن/ هەولێر

(حكومەتی هەریمی كوردستانی عیراق)
وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێ كردن
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبان ئاوەدان كردنەوە و نیشتەجێ كردن / هەولێر
ژمارە:٦٦٢
ڕێكەوت: ٢٠٢٥/٢/٢٣

بانگەوازی ژمارە (٣٩)

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبان ئاوەدان كردنەوە و نیشتەجێ كردن / هەولێر ئاگاداری سەرجەم كۆمپانیاكان دەكاتەوە كە كەمكردنەوەی ئەم پڕۆژەیەی خوارەوە هەیە بۆ جێ بەجێ كردن :-

ناوی پڕۆژە :- قیرتاوكردنی ڕێگای (پڕۆژەی ئاو) لە ناحیەی(سێگەردكان)لە قەزای كۆیە سەر بە پارێزگای هەولێر بە درێژی ١،٢كم

• هەر كەس ئارەزووی بەشداری كردنی هەیە لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٢/٢٤) دوو شەمەمە سەردانی بینای بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبانی هەولێر نزیك كۆلیجی كارگێری و ئابووری بەمەبەستی وەرگرتنی بەڵگەنامەكانی كەمكردنەوەی پڕۆژەی ناوبراوی سەرەوە بەرامبەر (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزاردیناری عیراقی، كە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەكەی لە كاتی سپاردنی پڕۆژەكە، كرێی بڵاوكردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەكەوێتە ئەستۆی ئەو كەسەی كە پڕۆژەكەی بۆ دەردەچێت.

١- گشت ڕێكارەكانی بانگەواز كردنەوە و شیكردنەوە و سپاردنی پڕۆژەكە بە پێ ی ڕێنمایی جێ بەجێ كردنی گرێ بەستە گشتییەكانی ژمارە (٢) ی بۆ ساڵی ٢٠١٦ ئەنجام دەدرێت.

٢- فرۆشتنی بەڵگەنامەكانی كەمكردنەوە لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٢/٢٤) دوو شەمەمە دەستپێدەكات تا ڕۆژی (٢٠٢٥/٣/٩) یەك شەمە لە كاتژمێر (٩) ی سەر لە بەیانی تا كاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ.

٣- دوا ڕۆژی پێشكەش كردنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٣/١٢)چوار شەمە كاتژمێر (١١)سەر لە بەیانی دەبێت.

٤- ڕۆژی كردنەوە و ئاشكرا كردنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٣/١٢) چوار شەمە كاتژمێر (١١) سەر لە بەیانی دەبێت.

٥- ئەگەر ڕۆژی كردنەوە و ئاشكراكردنی تەندەر بو بە پشوی فەرمی بە هەر هۆیەك بێت، ئەوا یەكەم ڕۆژی دەوامی دوایی پشوەكە دەبێتە ڕۆژی كردنەوە و ئاشكراكردنی تەندەر.

٦- هیچ تەندەرمیەك لە دوای كاتی دیاری كراو وەرناگیرێتەوە.

٧- گەرەنتی تەندەر :- بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستبەركردنی تەندەر (التعهد الخطی الضامن للعطاء) كە پێویستە لە بەشی كاروباری یاسایی بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان تصدیق كرابێت.

٨- ماوەی كاركردوو تەندەرەكان (مدة صلاحیة العطاءات) ٩٠ ڕۆژە لە دوا ڕۆژی پێشكەش كردنی تەندەر.

٩- باشتر وایە كۆمپانیا بەشداربووەكان ئامادەی پڕۆسەی كردنەوەی تەندەر بن یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بكەن بۆ ئەم مەبەستە.

١٠- پێویستە ئەو كۆمپانیایانەی كە بەشداری دەكەن ئەستۆ پاكی باجی دەرامەتیان بۆ ساڵی نوێ بێت.

١١- مەرج نی یە بەڕێوەبەرایەتیەكەمان بە نزمترین نرخی تەندەر رازی بێت.

١٢- پێویستە ئەو كۆمپانیایانەی كە بەشداری دەكەن پلەی پۆلین كردنیان (وەزارەتی پلان دانان) لە بواری كارەكانی بیناسازی لە پلەی (٢ - ٧) بێت وێنەیەك لە پیناسەی پۆلین كردنیان نوێ كراو بێت و پێشكەش بكرێت لەگەڵ تەندەر.

١٣- پێویستە ئەو كۆمپانیایانەی بەشداری دەكەن گشت ئەو دۆكیومێنت و زانیاری و خشتە (پاش پركردنەوە) كە لە (القسم الرابع - نماذج العطاء) لە بەڵگەنامەكانی كەمكردنەوەی پڕۆژە دیاری كراوە پێشكەش بكەن لەگەڵ تەندەر و لەوان :-

• نووسراوی پێشكەش كردنی تەندەر (كتاب تقدیم العطاء)

• خشتەی كاری هاوشێوەی (جدول الأعمال المماثلة) لەگەڵ بەڵگەنامەی پێویست (نووسراوی سپاردن، گرێ بەست، فەرمانی تەواوبوونی پڕۆژە).

١٤- بەمەبەستی زانیاری زیاتر، كۆمپانیاكان دەتوانن سەردانی بینای بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبانی هەولێر نزیك كۆلیجی كارگێری و ئابووری بكەن و وێنەیەك لە بەڵگەنامەكانی كەمكردنەوەی پڕۆژەی ناوبراوی بێنن یاخود بۆ هە پرسیارێك پەیوەندی بەم ژمارەیەوە بكەن (٠٧٥١ ٧٨٧ ٧٩ ٨٢).

ئەندازیار

هونەر نوری وەلی

ب.گ.ڕێگاوبان و ئاوەدان كردنەوە و نیشتەجێكردن/ هەولێر

ئەسپێی "گاجووت"ـی گەرمیان!



خوسرەو جاف

ئەو ڕۆژە لە گەرمیاندا ئاگر دەباری گەرما لە چرکەیەکدا شـەڵاڵی عەرەقی دەکردی، ئێمـەی گەرمیانی لە ڕووی ناچاریـیـەوە هـۆکارەی ئاووهـەوای دەڤەرەکەمانیـن، وەرزێرەکانـی گەرمیان لەو ئاگربارانـەدا فەرەنجییەکی ئەسـتووری خوریان لەبەر دەکرد، تا هەرچی زووتر لە کاتی دروێنەیدا گەرما شـەڵاڵی عەرقیـان کات. تا هەر کزەبایەک هەڵیکردبایە ئـەو تەپی عەرەقبوونە دەبووە هۆی کەمکردنەوەی تەوژمی سووتێنەری گەرما بەندەیش لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا بلووزێکی خوریم لەژێرەوە لەبـەر دەکرد. تا تـەپی عەرەق بم، ئـەو عەرەقکردنە دەبووە هۆی لانەوازی ئەسـپێیەکانی ناو لەشمان و لەناو عەرەقی لەشـدا بە لاگەردەن و ڕوومەتماندا هەڵدەکشان، ئەسـپێکان لە هاوینـی گەرمیاندا وەزعیـان لە ئێمەی پێشـمەرگە خراوتر بوو. بڕێکێش لەبەر ئەسیدی لەشیان ئەسپێ لە لەشیاندا توانای جوواڵنەوەیان مەحاڵە.

خزمێکمان لەگەڵدا بوو مەحموود بەگ زۆر قسەخۆش و گاڵتەجار بوو، لەوانە بوو ئەسـپێ لە لەشیا نەدەژیا، لەناو دەچوو، بۆ خوا تاکە ئەسـپێیەک لە لەشیدا نەبوو، من سـەرەتا باوەڕم بەم تئۆریەی نەکرد، ڕۆژێک هات و وتی: دەی با تاقی بکەینەوە.

پێنج شەش لە ئەسپێیەکانی لەشت (خۆ ماشاڵا) کەم نین بیانخەرە ناو لەشـمەوە، ئەگەر تا سبەینێ ژیان لە لەشمدا، هەرچیم پێ دەکەی بیکە.

خۆم ڕووت کردەوە و بە بەر چاومەوە، دە ئەسـپێی گاجووت- ئێمە بە ئەسـپێ ڕەشەکانمان دەوت گاجووت لەبەر قەبارەی زلیان و هاروهاجییان و خێرا ڕۆیشـتنیان – ئەسپێکانم خستنە فانیلەی ژێر جلەکانیەوە.

بە سبەینێدا هات و وتی:

بە بەرچاوتەوە خۆم ڕووت دەکەمەوە و سەیر بکە.

هـەروام کرد، یەک دانەی لە لەشـیدا بـە زیندووی نەمابوون.

جا بۆ گاڵتە دەیوت:

فانیلەی ژێرجلەکانم ئیجارە ناکەیت؟

ئەو لەشـوئەندامی وەک من زلزەلام نەبوو، جلی ئەوە بۆ من نەدەشیا.



سەیرەکە لەوەدایە من ئاوا ژیانێکم تاقی کردبوویەوە، سەرەڕای برسێتی و ژانەکانی.

ئەمەی من دەیڵێم چەنـدان دەهە لەمەوبەرە، ئێمەی پێشمەرگەی سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول ئاوا دەژیاین، لە ئاسمان ئەستێرەمان شک نەدەبرد.

کاتێـک ڕۆمانی "کۆردەرە"م نووسـی، باسـی ژیانی برسـێتی و نەداریی تیادا کردووە، وردە جاسووسەکانی لای موسڵح جەلالی و ئەمنی عێراق دەیاننووسی "خوسرەو جاف و ئەسپێ و نەداری" وەک وتەکەی "ماری ئنتوانیت) لە سەرەتا شۆڕشی فەرەنسادا برسـێتی بوو، نان بۆ خـواردن نییە، وتوویەتی قەینا با پسکیت بخۆن. جا سەیر کە، دوای ئەو ماوە دوورودرێژە ئەو وردە جاسووسانە نین و بەندەیش بەرهەمەکانم وەک کتاو، وا لە هەشتا کتاو بەرەو سەرەوەیە.

با بگەڕێمەوە سەر ئەو ڕۆژە فرەگەرمەی گەرمیانەیدا، هەواڵمـان زانی سـوپای عێراق لەو دەڤـەرەی "ژاڵە"ی گەرمیانـە پەلامارمان دەدات، ئیدی شـەڕێکی خوێناوی ڕووی دا و ناڕۆمە نێو باسی شەپەکەوە.

شـەڕ بڕیاوە و چەندان لەشـی ئەفسەر و سەربازی عێراق لە مەیدانی شەڕدا بەجێ ما.

یەکێـک لە پێشـمەرگەکان نامەیەک و سـەعاتێکی مەچەکی هێنا و دای بە دەستمەوە و وتی:

> **کاتێک ڕۆمانی "کۆردەرە"م نووسی، باسی ژیانی برسێتی و نەداریی تیادا کردووە، وردە جاسووسەکانی لای موسڵح جەلالی و ئەمنی عێراق دەیاننووسی "خوسرەو جاف و برسێتی، خوسرەو جاف و ئەسپێ و نەداری" وەک وتەکەی "ماری ئنتوانیت) لە سەرەتا شۆڕشی فەرەنسادا برسێتی بوو، نان بۆ خواردن نییە**

ئەو نامەیە لە باخەڵی یەکێک لە ئەفسەرەکاندا وەدرم هێناوە وا کۆژراوە.

وتم کاتژمێرەکەی ببە بۆ خۆت و نامەکەم خوێندەوە، ڕاستی لە خوێندنەوەی گەلێک بێزار و نیگەران بووم.

نامەکە لە خوشـکی ئەفسـەرەکەوە بـۆی هاتبوو، من نـاوی ئەفسـەرە کۆژراوەکە ناهێنـم، هەروەها هی خوشکەکەیشی.

لـە نامەکەیدا خوشـکەکەی بۆی نووسـیبوو: تۆ لە شەڕی شەڕەف و ناموس و غیرەتدای، یەک زەرە ڕەحم و بەزەیـی بە دڵ و بیرتا ختووڕە نەکات، ئەو جانەوەرە یاخیانە نەشـیاوە تۆزەکێک ڕەحـم و بەزەیی بەوانەیدا بێتەوە. ئیتر لەو تووندوتیژی و تووڕەهاتانەی دەمارگرژی.

عینوانی خۆیشی نووسیبوو، بە چاکم زانی وەڵامی ئەو ئافرەتەی بدەمەوە، هەروام کرد.

خوشکی بەڕێز!

بـە داخـەوە مـن نامەکەتـم بـەو تووندوتیژیەی وا نووسیبوت کە پڕە لە تیژپەڕی و دەمارگرژی لە گیرفانی لەشی بێڕۆحی براکەتدا دەرمان هێناوە و وا نامەکەت بۆ دەگێڕمەوە، بەڵام ئەمەوێ چەند ئامۆژگارییەکت بکەم:

جگە لـەوە سەرەخۆشـیت لێ دەکەم بـۆ کوژرانی براکەت، من نازانم دڵی ئینسان چۆن جێگەی ئەو هەموو کینە و دڵڕەقییەی تیادا دەبێتەوە؟

بۆ دەمانکوژن؟

بۆ دەمانسووتێنن؟

شەڕ کەی جوان بووە؟

کـەی ئەقڵیەتی ئێـوە وای لێ دێـت ددان بە مافی خەڵکی تردا بنێن؟

دەزانی چەند لەشی تر لەگەڵ براکەتدا کەوتوون؟

برای تۆ هاتووە و سـوور بوو لەسـەر کوشتنمان، با ڕاستگۆبم لەگەڵتا.

براکەت پیاوانە شـەڕی دەکرد ئازا بوو، شتێکە ئێمە لەو ئازاتر بووین، تا ئەبەدیش ئازاتر دەبین، لەبەر ئەوەی ئێمە لەسەر هەقین و دیبفاع لە خاک و وڵات و ژن و ماڵ و منداڵمان دەکەین.

براکەت هاتووەتە سەرمان و دەیویست بمانکوژێت، دێ و ماڵ و منداڵمان بسووتێنیت!

ئێمـە پەلامارەدەر نین، بەڵام لە پاراسـتن و دیفاع و بەرگریدا تـا مەرگ دەجەنگین، مـن نامەکەی خۆتم بۆ ناردیتەوە. ئەمە بە ڕووداو مەزانە، ئومێدەوارم تۆ و ئەوانی تریش بە خۆیانا بچنەوە، مافی ژیانی شەرافەتمەندانەیش بە ئێمە بدەن، کە نایدەن ئیللا بە ناچاری.

دووبارەی دەکەمەوە، براکەت ئازایانە شـەڕی دەکرد، لە بندەسـتما پێشمەرگەیەکی شەهید کرد و لە ئەنجامدا کوژرا.

ئیمزا/ برایەکی کوردت

مـن ئەو نامەم بە هەمان ئەو ئەدرەسـەی ئەو ژنەیدا دام بە یەکێک لە باوەڕپێکراوەکانمان، لە پۆستەی شاری کفریدا، خستیە پۆسـتەوە، ئومێدەوارم بەو ئافرەتە برا کوژراوەی گەیشتبێت.

دیارە ئەفسەری کوژراو، خەڵکی شاری سامەڕا بوو.

لانە عەبدولسەلام:

مە ل بەرە، ژوورەکا سینەمایێ ل مۆزەخانا زاخۆ ڤەکەین

لانە عەبدولسـەلام، ڕێڤەبـەرا مۆزەخانا زاخۆ د دیدارەکـێ دا بـۆ ڕۆژنامە هەولێـر دیار کر کو مۆزەخانا زاخۆ ژ پتری ٣٠٠ پارچەییێن شینواری و فۆلکلـۆری پێـک دهێت کو هەمـی ل دەڤ کەسـەکێ هاتبوونە پاراسـتن بناڤـێ محەمەد کزچەر کو وی پێشکێشـی مۆزەخانێ کرن، ئو نوکە هەمـی ل ئیرێ دهێنە پاراسـتن، ئو مە ل بەرە، ژوورەکا سـینەمایێ ل مۆزەخانا زاخۆ ڤەکەیـن ل دۆر مێـژوو و مۆزەخانا زاخۆ، هەر دیسـان مە ل بەرە هندەک کەلوپەلان ژ دهۆکێ ژی بەشداری مۆزەخانێ بکەین.

ڕێڤەبەرا مۆزەخانا زاخۆ، ئاماژە ب وێ چەندێ ژی کـر کو مـەرەم ژ ڤەکرنـا مۆزەخانا زاخۆ دیارکرنـا زەنگینیا مێژوو و پارچەییێن فۆلکلۆری و شینواری بێن زاخۆیە، داکو گەشتیارێن ناڤخوە و بیانـی پێزانین ل سـەر مێـژوو و فلکلۆرێ زاخۆ هەبیت، ئو هەر گەشـتیارەکێ سـەرەدانا مۆزەخانێ دکەت پێدڤیە ئێکەم تشـت مێژوویا زاخۆ بزانیت.



ئاشکرا ژی کر کو ئێک ژ کەڤنترین پارچەییێن ل ڤێ مۆزەخانێ هاتیە پاراستن بەرێ ئۆکسیدە کو مێژوویا وێ ڤەدگەڕیت بۆ سـەردەمێ بەردێ چەرخین یێ ناڤین بۆ ٧هزار هەتا ١٠هزار سالان، ئو دهاتە بکارئینان بۆ بڕینا کەلوپەلان و چێکرنا چەکی و پێدڤیێن جوانکارییێ.



گـوت ژی: "ژ وان پارچەییـن بووینە جهێ سەرنج پاکێشانا گەشتیاران ئامیرێ ئێکەم ڕادیۆیا زاخۆ کو مێژوویا وێ بۆ سـالا ١٩٥٠ ڤەدگەڕیت، ئو کورسـیا ئێکەم مەتڕانێ زاخۆ و بەرێ مەزن یێ کو شـوون پییێن مرۆڤێن بەرێ ل سەرە کو ل دەمـێ نووژەنکرنـا پـرا دەلال هاتیە دیتن، ئـو پەیکەرێ هەرقەلە کو ئێک ژ ئەفسـانەییێن گریکی یێن بناڤودەنگە بۆ سـەردەمێ هێلنستی ڤەدگەڕیت، وەکو خوداوەند د هاتە هژمارتن و ل دێرەبینێ هاتە دیتن".

زێدەتر ژی گـوت: "مۆزەخانا زاخۆ ل هەمی ڕۆژێن حەفتیێ ڤەکرییە ژ دەمژمێر ٩ـێ سپێدێ هەتا ٩ـێ شەڤ، ئو ل وەرزێ هاڤینێ هەتا ١٢ـێ شـەڤ دمینیتە ڤەکری، ئو گەلەک کەسایەتییێن بناڤودەنـگ ژ دەرڤـە و ناڤخـوە سـەرەدانا مۆزەخانێ کرینە، ئو ئەڤ مۆزەخانە بۆ خەلکێ زاخۆ و بێ ژ دەرڤە یا سەرنج ڕاکێشە".

دلۆڤان هالۆ - زاخۆ

ژمارە (٤٢٥٨) ٢٠٢٥/٢/٢٥ هەولێر

بۆچی خەڵاتی زێڕینی هەژار موکریانی بەخـــ













پرۆژی شەممە٢٠٢٥/٢/٢٢ لە هۆڵی ڕاگەیاندنی بەشی پژۆهنبیری و ڕاگەیاندنی پ.د.ک بە ئامادەبوونی سیداد بارزانی نوێنەری (سەرۆک بارزانی) و تەها بەرواری نوێنەری سەرۆکی هەرێم و ئاریان سەلاحەدین بە نوێنەرایەتی سەرۆکی حکومەت و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و (خانی هەژار موکریانی) کۆڕی مامۆستا هەژار موکریانی و ژمارەیەکی بەرچاو لە پژۆهنبیر و نووسەر و پسپۆڕانی بواری زمانی کوردی لە هەر چوار پارچەری کوردستان، یەکەمین دیداری هەژار موکریانی بە ناوونیشانی (هەژار و زمان) لە هەولێری پایتەخت بەڕێوە چوو.

سەرەڕای چەندین پانێڵ سەبارەت بە زمانی کوردی، هەر لە یادەکەدا خەڵاتی زێڕینی مام هەژار پێشکەش بە (دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف) کرا لە پێناو خزمەتە زۆرەکەی بەرانبەر زمان و وێژەی کوردی.

دکتۆر ئەورەحمان و کوردبوون:

دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف نزیکەی چل ساڵ وەک خزمەتکارێکی شارەزا و دڵسۆز شەو و ڕۆژی لێک گرێداوە و لێرە و لەوێ بە وشە و هەڵوێست خزمەتی نەتەوەکەی کردووە، ئەوەتە خاکییانە و لەخۆبوردوانە نووسیویەتی: "کۆڵەوارم و هەر هێندەم لە دەست دێت، خۆزگە کاری گەورەم لە باردا بووایە، خەجاڵەتی قاپی دڵسۆزی میللەتەکەم، کە هێندە دڵپاک و لەخۆ بووردوون، دەست بە ڕوومەوە نانێم ئەو جۆرە دیاریانەم لێ وەرگرن".

دکتۆر ئەورەحمان، زمانزانێکی هێندە گەورە بوو کە لە خەمی زمان و گەلەکەی گەیشتبوو، بۆیە هەرگیز نەیدەنووسی (عبدالرحمان حاج معروف)، بەڵکو فۆرمە کوردێزاوەکەی ناوی خۆی واتە (ئەورەحمانی حاجی مارف)ـی بەکار دەهێنا، تا چیتر کەس بە زمانی عارەبی ناوی خۆی نەنووسێت و هەوڵی گەشەسەندنی زمانی کوردی بدات.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دکتۆر ئەورەحمان وەک سەنەد و مۆرێک بوو بۆ وشە کوردییەکان و ئەگەر ناوی ئەو هاتبایە لە ڕۆژنان و داتاشین و دروستکردنی هەر وشەیەک، چیتر کەس ڕەخنەی لەسەری نەبوو. بۆ نمونە هەر دکتۆر ئەورەحمان بوو کە پشتگیری وشەی (زانکۆ) لەبری (دانشگا)ی فارسی بۆ زانکۆی ئەوکاتی سلێمانی کرد. دەگێڕنەوە:

"بۆ یەکەمجار لە مێژووی کورددا، ساڵی ١٩٦٨ و بەپێی یاسای ژمارە ١٤٣ی خوێندنی باڵای عێراق لە شاری سلێمانی زانکۆ دامەزرا بە ناوی (دانشگای سلێمانی) . هەرچی ڕۆشنبیرانی کورد هەیە دۆش دامابوون بۆ وشەیەکی گونجاو و شایستە تا لە شوێن وشەی (دانشگا) بەکار بهێنرێ. نزیکەی شەش ساڵ ئەم کارە درێژەی کێشا، هەرچاوەڕێی وشەیەکی نوێ بوون. هەندێک لە ئەندامانی کۆڕی زانیاریی کورد وشەی (جامعە)ی عەرەبییان پێ باش بوو بکرێتە جێگرەوەی وشەی دانشگای فارسی. بۆیە دوای هەوڵێکی زۆر یەکێک لە شاعیر و نووسەرە جوانەکانی کورد بە ناوی (ئەحمەد شوکری) ناسراو بە (دکتۆر شۆ)، وشەیەکی جوانی بۆ دانشگا داتاشی و توانی وشەی (زانکۆ) بخانە فەرهەنگی کوردییەوە، ساڵی ١٩٧٢ ئەندامانی کۆڕی زانیاریی کورد دوای چەند مانگ و تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندن وشەی دانشگایان گۆڕی بوو وشەی زانکۆ و تابلۆی دانشگای سلێمانی کرایە زانکۆی سلێمانی. لەگەڵ ئەوەشدا چەندین ساڵ و زۆر کەس ڕەخنەیان لە چۆنەتیی ڕۆنان و هاتنەناوی وشەکە گرت و زۆر کەس بە هەڵەیان دانا، تا ئەوەی کە دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف، جەختی کردەوە لەسەر جێگیرکردنی ئەم وشەیە، ڕۆنانی بۆ وشەی زانکۆ کرد و ئیتر وشەکە بە تەواوەتی جێگیر بوو و ڕەخنەکانیش نەمان".

دکتۆر ئەورەحمان و ئامانجەکەی:

(دکتۆر هۆگر مەحمود فەرەج ـ مامۆستای زانکۆ)، لەبارەی وێست و ئامانجەکانی دکتۆر ئەورەحمان دەڵێت: "دکتۆر ئەورەحمان نەیدەویست تەنیا بخوێنێت تا ببێتە مامۆستا بۆ بژێوی ژیانی، بەڵکو گەورەترین خواستە گەورەکەی ئەوە بوو کە ڕاڕە بە نەتەوەکەی بکات، چونکە گرنگترین شت بۆ هێشتنەوەی نەتەوە زمانە و یەکێک بوو لە کۆڵەگەکانی دروستبوونی بەشی زمانی کوردی لە بەغدا و بەشداری لە بەرەوپێشبردنی بەشی کوردی لە بواری خوێندنی باڵا کرد. دکتۆر لە چوارچێوەی قوتابخانەیەک کاری کردووە کە لە قوتابخانەی زانستیی ئەورۆ جیاوازە، بۆیە لە هەرکاتێک لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی بکەین، دەبێت بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەکانی دکتۆر ئەورەحمان، وەک سەرچاوەکانی لەسەر ڕێزمان. هەر لە سەرەتاوە هەوڵی داوە زمانی کوردی بخاتە ئاستی زمانە جیهانییەکان کە زمانێکی ستاندارد بێت بۆ نووسین و قسەکردن پێی".

دکتۆر عێزەدین مستەفای نووسەر لەبارەی دکتۆر ئەورەحمانەوە دەڵێت: "ئەو، یەکێک بوو لە زاناکانی بواری زمان. بە نەمانی کە زۆر زوو بوو، زمانزان و تێکۆشەرێکی گەورەمان لەدەست دا."

دکتۆر ئەورەحمان و زمان:

ڕۆحی دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف لەگەڵ ڕۆحی زمانی کوردی گرێدرابوون و بەهیچ شێوەیەک لێک جیا نەدەکرانەوە. هێندە ورد بوو لە زمان کە کتێبەکانی تا ئێستاش و دوای نیوسەدە سەرچاوەن بۆ بنەمای گەشەسەندنی زمانی کوردی.

دکتۆر ئەورەحمان لە پێشەکیی پەرتووکی (وشەی زمانی کوردی) کە لە ساڵی ١٩٧٥ و لە لایەن چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ـ بەغدا چاپ کراوە، دەنووسێت: "کاتێ باسی زمان دێتە گۆڕێ، بەر لە هەموو شتێک مەبەست وشەیە، بێ زانینی وشە بەتایبەتی وشەیەکی زۆر، زمان نازانرێ و ئاخاوتنی پێ ناکرێت. ئەمە لە کاتی فێربوونی زمانی بێگانەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت..." و "زانینی زمارەیەکی زۆر لە وشە و بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی ڕاست، نەک تەنیا لە فێربوونی زمانی بێگانەدا گرنگە، بەڵکو بۆ زمانی زگماکیش ـ بۆ ئەو زمانەی لە منداڵییەوە وتووبێژی پێ دەکەین ـ گەلێک پێویستە. ڕاست نییە ئەگەر وا بیر بکەینەوە، هەموو ئەو کەسانەی بە کوردی دەدوێن و ئەو خەڵکەی کە زمانی کوردی زمانی زگماکیانە، وەک یەک دەیزانن و ئاخاوتنیان وێکدەچێ و یەک جۆر وشە بەکار دەهێنن، بەڵکو پلەی زانینی ئادەمیزاد جیاوازە. وەک ئاشکرایە، ئەمەش لە گەلێک ڕووەوە پەیوەندیی بە ڕادەی کولتووری مرۆڤەوە هەیە..." و "بەهرەی بوونی زمان ـ نیشانەی بەختەوەریی مەزنیی ئادەمیزادە. خۆشویستنی زمانی زگماک و باش زانین و چاک بەکارهێنانی.. ئەرکی سەرانی مرۆڤە و مایەی بەختیارییەتی. ناسین و زانینی وشە و شارەزایەتیی تێیدا پەیداکردنی کارێکی بەرز و پێویستە..." و "وەک ئاشکرایە، پەردەی ڕەش بەسەر سەدان وشەی زمانەکەماندا وەیە و گەلێک ڕووی گرنگی وشەی زمانی کوردی هێشتا هەر بە ئاڵۆزی و تاریکی ماوەتەوە. هۆی ئەمەش ئەوەیە تاکو ئێستا بەداخەوە لێکۆڵینەوەی قوڵ و زانستیانە دەربارەی وشەی زمانی کوردی نەنووسراوە".. "بێگومان پشتگوێخستنی کێشەی وشەی زمانی کوردی، لە کاری لێکۆڵینەوەی زمانەکەماندا کەلێنێکی گەورەیە. بینینی ئەو کەلێنە هەستی جووڵاندم و ڕایکشێام کە خۆم بەو باسەوە خەریک و ماندوو بکەم".

یا لە پێشەکی کتێبی (زمانی کوردیە لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدیا ـ کۆڕی زانیاری کورد ـ ١٩٧٦) دەنووسێت: "لە هەر ڕوویەکی زمانی کوردی وردبیتەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە پێویستی بە دەیان لێکۆڵینەوە و توێژینەوە هەیە. یەکێک لەو مەودایانەی کاریان کەم تێدات کراوە فۆنەتیکە. بینینی ئەو کەلێنە هەستی جووڵاندم و ڕایکشێکام کە خۆم بەو باسەوە خەریک و ماندوو بکەم. دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر، ئەوەی بۆم کرا کردم و ئەوەی لە تواناما بوو بەجێم هێنا. بە پێویستی دەزانم پەندە بۆ ئەوە ڕتبکێشم کە لە گۆڤاری ڕاڕاوەی بەیاندا زنجیرەیەک وتارم بە ناوی (لەبارەی فۆنەتیکی زمانی کوردییەوە)ەبڵاو کردەوە کە هەندێک بوون لە کەرتەسەی ئەم کتێبە.."

دکتۆر ئەورەحمان و فەرهەنگ:

دکتۆر ئەورەحمان، لەپاڵگرندیدانی بە زانستی زمانی کوردی، گرنگییەکی زۆریشی بە وشەی کوردی داوە و لەو کاتەوەی کە نامەی دکتۆراکەی نووسی لەبارەی (مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردی و شێوازی دانانی فەرهەنگی ڕووسیـ کوردی)، ئیتر کەڵکەڵەی نووسینی فەرهەنگێکی باش کە بنەما بێت بۆ گەشەسەندنی زمانی کوردی و بە ستاندارد‌بوونی، کەوتە میشکی و لەم بوارەشدا کاری گەورەی کردووە، هەرچەندە بەداخەوە گەورەترین کاری لەنێو چوو.

ئەم شاکارەشی کە لەنێو چوو، دکتۆر ئەورەحمانی ناوی (میدیا)ی لێنابوو، خۆی لە بیست و پێنج بەرگ دەبینیەوە و بە ڕێوشوێنێکی زانستیی فەرهەنگنووسی دایڕشتبوو و بە پشتبەستن بە یاسا و دەستورەکانی بواری فەرهەنگسازی وشە و واتایەکانی تۆمارکردبوون و لەسەر هەمان ڕێچکەی فەرهەنگەکەی عەبدولڕەحمانی زەبیحی (قاموس زبان کردی) دەڕێشت.

براکەی دکتۆر ئەورەحمان لە گفتوگۆیەکی میدیاییدا دەربارەی هەوڵەکانی براکەی بۆ نووسینی فەرهەنگ (قامووس) دەڵێت: "دکتۆر ئەورەحمانی برام، دوای خوێندن لە سۆڤیەت دەگەڕێتەوە عێراق و لە بەغدا نیشتەجێ دەبێت و دوای ئازادکردنی عێراق کە دێتەوە سلێمانی ماڵەکەی تالان دەکەن و بەمەش ئەو فەرهەنگە گەورەیەی کە بە پێی پیتەکان نزیکەی ٢٥ بەرگ بووە و کوردی بۆ کوردی بوو ئەویش لەنێو دەچێت کە ئەگەر هەبوایە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر زمان و هاووتای وشەی کوردی دەبوو، هەرچەندە ئەلفەکەی چاپ کرد، بەڵام بەداخەوە ئەوانی دیکەی هەمووی فەوتان".

(د. محەمەد مەحوی مامۆستای زانکۆ) لەبارەی هەوڵەکانی دکتۆر ئەورەحمان بۆ نووسینی فەرهەنگ دەڵێت: "هەوڵەکانی دکتۆر بۆ نووسینی فەرهەنگ و

شرایە دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف؟











قاموس دوو جۆر بوون: نووسینی فەرهەنگی کوردی ـ کوردی بوو کە بەداخەوە نەمانبینی و دەگوترێت لە بەغدا تالآن و لەنێو دەبرێت و تەواو نەبوو. هەوڵی دووەمی دکتۆر ئەورەحمان بۆ فەرهەنگ، نووسینی فەرهەنگی زاراوەکانی زانستی زمان بوو کە کاری لەسەر کردووە."

دکتۆر ئەورەحمان و کەڵە نووسەران:

دکتۆر ئەورەحمان پەیوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ کەڵەنووسەران و زانایانی بواری زمان و ڕۆشنبیران هەبووە و باسکردنەکانیان و سوپاسکردنەکانیان لە نێو پێشەکی کتێبەکانی نیشانەی ڕێزگرتنی دکتۆر ئەورەحمان بووە بۆ هاوڕێ و نووسەر و زمانزانەکان.

(دکتۆر هۆگر مەحمود فەرەج ـ مامۆستای زانکۆ) لەو بارەوە دەڵێت: "دکتۆر ئەورەحمان، لەگەڵ هەژار موکریانی و کەمال مەزهەر و مەسعود محەمەدی بەهەشتی کاری کردووە و جێدەستیان دیارە و گورێکی گەورەیان بە بواری بڵاوکردنەوەی کوردی لە بواری زمان و ئەدەب و کلتوور و میژوو دا.." و " دکتۆر ئەورەحمان، ببووە مۆرانەی کتێب و هەرچی کتێب و گۆڤار و بڵاوکراوەی ئەوکاتی هەموو بینیوە. و هەموو کتێب و نووسینەکانی ڕێزمانەکانی لەسەر کورد هەمووی خوێندووەتەوە" و هەر ئەمەش وا دەکات کە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ نووسەران هەبێت و نووسەرانیش هاوکاری بن لە چاپکردنی کتێبەکانی.

بۆ نمونە دکتۆر ئەورەحمان لە پێشەکیی پەرتووکی (وشەی زمانی کوردی) کە لە ساڵی ١٩٧٥ چاپی کردووە، دەنووسێت: "پڕ بە دڵ سوپاسی مامۆستا هێمن موکریانی و مامۆستا شوکور مستەفا، دوو مامۆستا و برای گەورە و هاوڕێیی نێزیکم دەکەم کە لە شەیکردنەوەی گەلێک ڕووی ئەم کتێبە زۆریان هاریکاری لەگەڵ کردم و یاریدەیان دام" و لە کۆتایی پێشەکییەکەیشیدا دەنووسێت: "تاقە هیوام ئەوەیە، بەم کارە توانیبێتم خزمەتێکی بچووک پێشکەش بە زانیاریی گەلەکەمان بکەم. لەبارەی وشەی زمانی کوردییەوە، پێم کرابێ چەند وشەیەکی بەکەڵک بنووسم و دوو قسەی خێری بکەم..".

هەروەها لە پێشەکی کتێبی (زمانی کوردیە لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدیا ـ کۆڕی زانیاری کورد ـ ١٩٧٦)، دکتۆر ئەورەحمان دەنووسێت "شایانی باسە مامۆستا مەسعود مجەمەدیش گەلێک تێبینی و سەرنجی بەنرخی لەبارەی ئەم کتێبەوە خستە ڕوو. من لە کاتکێدا بۆ پوختکردنی باسەکە سوودێکی زۆرم لە بیروڕاکانی وەرگرتووە. پڕ بە دڵ سوپاسی دەکەم. لە ناخی دڵەوە سوپاسی ماۆمستا هێمن موکریانی و مامۆستا شوکور مستەفا و مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم و ماکۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە دەکەم کە لە دەرکردنی ئەم کتێبەدا زۆریان هاریکاری لەگەڵ کردم و یاریدەیان دام."

هەروەها لە پێشەکی کتێبی (چی لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە، بەغدا ١٩٧٤)، نامەیەکی مەسعود محەمەد بۆ ئەنجوومەنی کۆڕی زانیاری کورد بڵاو کراوەتەوە کە پەسنی کارە نیشتمانییەکەی دکتۆر ئەورەحمان دەکات و دەنووسێت:

"ئەم نووسینە (مەبەستی کتێبەکەیە) لە ڕووی ناوەڕۆکەوە نرخی تایبەتی خۆی هەیە لەبەر دوو هۆی گرنگ.

یەکەم ـ تا ئێستا لەم بابەتەوە کەس، چ کورد و چ غەیری کورد، بەرهەمێکی ڕێنشاندەری پێشکەش بە کوردناسی و خوێندنەرانی کوردی نەکردووە. یەکێک بیەوێ سەرچاوەی نووسین لەبارەی زمانی کوردییەوە بدۆزێتەوە، دەبێت ماڵە و ماڵ و شارە و شار پرسیاری بۆ بکا. ئەم کتێبە، بابڵێم ئەم نامیلکەیە، ڕێگەیەکی دڕێژی پرسیارکردن دەپێچێتەوە و دەیکا بە یەک تاکە هەنگاو.

دووەم ـ نووسینەکە سوودبەخشترە لە بیبلیۆگرافییەکی پەتی، چونکە دەربارەی گەلێک لەو کتێبانەی کە لەسەر زمانی کوردی نووسراون، تا ڕادەی پێویست، ڕەخنە و نرخاندنی تێدایە، سەرەڕای ئەوە کە پووختەیەکی میژووی نووسینەکان ڕوون دەکاتەوە و بەمەدا لیستەیێکی زەمەنیش ئامادە دەکات بۆ ئەو کەسەی بیەوێ بە میژووی نووسینی کوردییەوە خەریک بێ.

بە لای منەوە، نامیلکەکە لێی دەوەشێتەوە ببێتە سەرەتایەک کە ساڵە و ساڵ لێی زیاد بکرێت و چی لەسەر زمانی کوردی لەدوا ڕۆژدا دەنووسرێت، بخرێتەوە سەر خەرمانی ئەم نووسینە.

لەدوا ئەم ڕوونکردنەوەیە هەر هێندە دەمێنێتەوە بە کورتی بڵێم: لە چاپدانی نامیلکەکە کارێکی بایەخدارە و لە جەرگەی ئەرکەکانی کۆڕە. چارەسەرکردنی شکڵی ئەو ڕێنووسە کە پێی نووسراوەتەوە و هێنانی بۆ سەر ڕێنووسی کۆڕ، کارێکە لە هەموو قۆناغەکانی چاپکردنیدا بە ئاسانی دەکرێت."

دکتۆر ئەورەحمان و ژیانی:

زانا و نووسەر و زمانزان و زمانناسی مەزنی کورد (ئەورەحمانی حاجی مارف)، نیو سەدە بێ پسانەوە کونجکۆڵ بەدوای وشەی کوردی و کاری زمانەوانییەوە بوو و بە نووسین و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان و سەرنجەکانی خزمەتێکی گەورەی پێشکێش بە نەتەوەکەی کردووە و لە زۆربەی لایەنەکانی زمان دواوە و گەلێک دیوی شاراوەشی دەرخستوون و پەردەی لەسەر هەڵماڵیون و ساغی کردوونەتەوە.

دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف، لەدوای تەواوکردنی قۆناغی ئامادەییدا، بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن ڕوو لە وڵاتی ڕوسیا دەکات، سێزدە ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە و بەهەوڵ و کۆشش و توانستی خۆی لە ڕێگەی خوێندنەوەی بەرهەمی نووسەرە گەورەکانی جیهان زمانی ڕووسی فێر دەبێت. لە زانکۆی (لێنینگراد) بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماجستێر بەدەست دەهێنێت، دواتریش لە (ئامۆژگاری پۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیای سۆڤیەتی لێنینگراد) بە هاوکاری مامۆستا کوردەکەی پرۆفیسۆر (قەناتی کوردۆ کوردۆیف)، کە کەڵک و قازانجێکی زۆری لێبینیوە و بۆ ئەو پاڵپشتێکی بەهێز بووە، نامەی دکتۆراکەی لەبارەی (میژووی فەرهەنگنووسیی کوردی و شێوازی دانانی فەرهەنگی ڕووسی ـ کوردی) تەواو دەکات و بڕوانامەی دکتۆراش بەدەست دەهێنێت.

لە ساڵی (١٩٧٣) دەگەڕێتەوە بۆ نیشتمان و لە کۆڕی زانیاریی کورد و زانکۆکانی سلێمانی و ئیبن ڕوشد و خانەقین، قۆڵی خزمەتکردن هەڵ دەکات و وانە بە قوتابییانی بەکالۆریۆس و ماجستێر و دکتۆرا دەڵێتەوە و سەرپەرشتی دەیان نامەی ماجستێر و دکتۆرای کردووە، ئاریکار و هاندەری گەورەی قوتابییە کوردەکانی بەشی کوردی بووە لە شاری بەغدا.

لەماوەی ژیانیدا زیاتر لە بیست کتێب و سەدان وتار و لێکۆڵینەوە و وتاری وەرگێڕدراوی لە بارەی زمان و ئەدەب و کوردناسی و ڕەخنە و فەرهەنگنووسی پێشکێش بە کتێبخانەی کوردی کردووە و ئەو بەرهەمانەش گرنگی و تایبەتی خۆیان هەیە و بوون بە هەوێنی چەندان کتێب و وتار و توێژینەوەی دیکە.

ئێستاش نووسینەکانی دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف لە قوتابخانە و زانکۆکان دەخوێندرێن و نرخ و بایەخی تایبەتییان هەیە، بە جۆرێک زۆربەی هەرە زۆری خاوەن قەڵەم و خوێندەوارانی ئەم وڵاتە مشتێک لە خەرمانی زۆر و زەوەندی ئەم کەڵە زانایەیان بەرکەوتووە، بەرهەمەکانی ڕۆن لە داهێنان و بابەتی نوێ، بەردەوام ملی داوەتە بەر ئەو لایەنانەی زمان، کە قسەیان لەسەر نەکراوە یان کەمترین سەرچاوەیان لەسەر هەیە و کتێبخانەی کوردی پێویستی پێ هەبووە.

لە ڕێگەی وەرگێڕانیشەوە دەیان کوردناس و زمانناس و کەڵەنووسەری جیهانی بە خوێنەرانی کورد ناساندووە. دوای تەمەنێک لە نووسین و خزمەت و خەمخۆری، بڕیاری کارێکی درێژخایەنی وەکو دانانی فەرهەنگێکی کوردی ـ کوردی دەدات، بەڵام دواجار مەرگ مەودای تەواوکردنی فەرهەنگەکەی پێ نەدا.

مخابن لە شەوی ٧ لەسەر ٨ی تەموزی ٢٠٠٧، بەکارەساتێکی دڵتەزێن گیانی پاکی سپارد و لە دەست نەتەوەکەی چوو.

دکتۆر ئەورەحمان و بەرهەمەکانی:

- چی لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە، بەغدا ١٩٧٤
- وشەی زمانی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٥
- زمانی کوردیە لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدیا ـ کۆڕی زانیاری کورد ـ ١٩٧٦
- وشە ڕێزمان لە زمانی کوردیدا، کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٧
- ڕێزمانی کوردی (وشەسازی ـ ناو)، کۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٧٩
- نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، هەولێر ١٩٨٦
- ڕێزمانی کوردی (وشەسازی ـ جێناو)، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا ١٩٨٧
- لە بواری فەرهەنگنووسیی کوردیدا، بەغدا ١٩٨٧
- ڕابەری سەرچاوە لەبارەی زمانی کوردییەوە، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا ١٩٨٩
- ڕێزمانی کوردی (وشەسازی ـ ئاوەڵناو)، کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا ١٩٩٢
- کرداری کارا دیار و کرداری کارای بزر لە زمانی کوردیدا، بەغدا ١٩٩٤
- ڕێزمانی کوردی (وشەسازی ـ ژمارە و ئاوەڵکردار)، کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا ١٩٩٨
- ڕێزمانی کوردی (وشەسازی ـ کردار)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٠
- مشتێک لە فرۆفێڵی کتێبی «چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی»، بەغدا ٢٠٠٥

شۆڕش غەفووری - هەولێر
shorshghafuri@gmail.com 07504916236

www.hawlerweb.net
Hawler Newspaper ڕۆژنامەی هەولێر
HawlerNewspaper
هەولێر
بەتیراژترین ڕۆژنامەی کوردستان

دەڵێی دەست بۆ پشکۆ دەبەم



حەمەسەعید حەسەن

قەڵەمێک بە دەستی خواوە

ڕووخساری مانگێکی چواردەیە
قەت ئاسمان بە خەونیش نەیدیوە
خەرمانەی گرێکە ئەبەدی
بە زەبری زریانیش نایەتە دامرکان
بە بادەی ئەڤینی
ئەوندە سەرمەستم
هەر دەڵێی
دەروون و دەمارم ئاگریان گرتووە
(مەولانا)

غەزەلی سۆفییانە، وەک دیوی دەرەوە هەر لە لیریک دەچێت، هەرچەندە ئەمیان باس لە عیشقی خودایی و ئەویان باس لە ئەڤینی نێوان دوو ئینسان دەکات. بۆچی شاعیری سۆفی بە هەمان کەرەسەی شاعیری لیریک دەنووسێت؟ چونکە هیچ ڕێگەیەکی لەوە باشتری دەست ناکەوێت، بتوانێت بە هۆیەوە، تەعبیر لە وەجدی خۆی بکات. نهێنیی بااڵیی و مەزنیی شیعری فارسی لەوەدایە، دەربڕی عیشقێکە، هاوزەمان ئینسانی و خودایی، ئاخر خۆشویستنی ئینسان تاقە ڕێگەیە بەرەو خۆشویستنی یەزدانمان دەبات، ئاخر هەق هەر یەکێکە، بوونیش هەروەها. لە شیعری گەورەشاعیرانی سۆفیدا، هەر وشەکان هەڵگری مانای جیاواز نین، حەرفەکانیش مانای شاراوەیان هەیە.

مەولانا بە زمانی سۆز و خەیاڵ، نەک زمانی عەقڵ، تەعبیری لە ناخی خۆی کردووە و سووک سەرنجی ئەوەی داوە، دەرسی ئەم و ئەو دابدەین. خۆی لەسەروو دونیای شەرع و ڕەوشتەوە بینیوە و بە ئاسمانی وەجددا لە شەققەی باڵی داوە، بە پێچەوانەی غەزالییەوە (١٠٥٨-١١١١) کە وەک مامۆستای ئاکار و فیکر و فەلسەفە خۆی نمایش کردووە. ئەوەی غەزالی باسی کردووە، فێربوونی ئاسانە، بەاڵم کەس لەڕێی خوێندنەوە و نووسینەوە، نابێت بە شاعیرێکی سۆفی. سۆفی کەسێکە پشت بکاتە دونیا و ڕوو بکاتە خوا، خۆی بزر ببێت و بە هۆی خواوە بمێنێتەوە، تامەزرۆی نزیکبوونەوە بێت لە خوا و بەدەم وەجدەوە خەریکی موناجات بێت لەگەڵیدا و سیفەتەکانی مەخلووقی لەکیس بچێت و سیفەتەکانی خالیق جێیان بگرنەوە.

(ئەگەر ئینسان نەبێەرستبام
تامی بەختەوەریم نەدەکرد
ئاخر پەرستن دەرکەوتنی خۆی بەختەوەرییە)

(ئەوە منم بەسەر مێرگەکاندا دەباریم)

لە نموونەی یەکەمدا مەولانا بە ناوی خواوە دەپەیڤێت و لە نموونەوی دووەمدا، بە ناوی خۆیەوە، بەاڵم لە هەردوو نموونەکەدا، زمانی شیعر زاڵە، نەک زمانی فیکر. ئەوە چاوەڕوانکراوە مەولانا شیعر بە ناوی خالیقەوە بڵێت، ئاخر (دڵی خۆی بە قەڵەمێک دەزانی بە دەست خواوە.)

ئیبن قەسیی ئەندەلوسی کتێبێکی نووسی، ناوی نا: (داکەندنی جووتەسۆلەکە،) ئیبن عەرەبی بەو کتێبە دەستی بە خوێندن کرد، ئیبن خەلدوون ئەو کتێبە بە سەرچاوەی کوفر دەزانێت. ناونیشانی ئەو کتێبە لە قورئانەوە وەرگیراوە: (انی انا ربک فاخلع نعلیک انک بالواد المقدس گوی. ئایەتی ١٢ سووڕەتی تەها) خوا ڕووی دەمی لە موساییە و پێی دەڵێت: (جووتەسۆلەکەت دابکەنە، تۆ لە دۆڵی پیرۆزی بناری کێوی تووردایت،) تووڕ ئەو کێوەیە دەستبەجێ دەسووتێت، هەر کە خوا نووری خۆی پیشانی موسا دەدات. ئەو جووتەسۆلە کە لە دەقی قورئاندا هاتووە و ناونیشانی کتێبێکیشە، پەیوەتە نێو شیعری (نالی)یشەوە:

خارایی سەوز و شینی لەبەر کردووە جەبەل
دامێنی وەردی سوورە دەستم بە دامەنی

وادی بووە بە وادیی پڕ نووری (گوور)ی نار
(نەعلەین) لە پێ فڕێ بدە، نالی بە ئەیمەنی

چیا بەرگی سەوز و شینی پۆشیوە، داوێنی (وەرد)ی سوورە، دەستم بە داوێنی. وەرد هەم گوڵە و هەم زەویی کێڵراو کە سوور دەچێتەوە. نالی گەمەیەکی جوانی لەگەڵ دامێن و دامەندا کردووە و باڵای یاری بە چیا شوبهاندووە. لای نالی دۆڵی نێو خاکی وەتەن، بووە بە دۆڵی پڕ لە نووری داوێنی کێوی تووڕ کە بە نووری خوا ئاگری گرت. کەواتە تۆ کە لەو شوێنە پیرۆزەدایت، ناکرێت نەعلەت لە پێدا بێت، بە هیمنی فڕێیان بدە. (ئەیمەنی) هەم هێمنییە و هەم ئاماژەیشە بۆ ئایەتی: (وناديناه من الجانب الگور الأيمن. لای ڕاستی کێوی تووڕەوە مووسامان بانگ کرد. ئایەتی ٥٢ سووڕەتی مەریەم) نالی کە سوودی لە چیرۆکی ناو قورئان وەرگرتووە، وەسفی بەهاری زێدی خۆی پێ کردووە و خاکی نیشتمانی هێندە بە پیرۆز زانیوە، پێی حەیف بووە، بە پێاڵوەوە بەسەریدا بڕۆین. ئەحمەد موختار جافیش گوتوویەتی:

بەبێ قەدری بە سەریا ڕامەبوورن، حورمەتی بگرن
گوڵاڵەسوورەی ئەم (کێوانە) خوێناوی جگەرتانە

تۆڕی میدیایی کوردستان..
ئەلبوومێکی گۆرانییەکانی تیپی میوزیکی "زیر و بەم"ی بڵاوکردەوە







بە ئامادەبوونی هەریەک لە "ئومێد خۆشناو"، پارێزگاری هەولێر و "فەرهەنگ غەفوور"، بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر و ژمارەیەکی تر لە هونەرمەندان و ڕۆشنبیران و نووسەران، لە مەراسیمێکدا تۆڕی میدیایی کوردستان ئەلبوومێکی گۆرانییەکانی تیپی موزیکی "زیر و بەم"ی بۆ هۆگرانی میوزیک و گۆرانی کوردی بڵاوکردەوە.

لە مەراسیمەکەدا، پارێزگاری هەولێر لە وتارێکدا، بە بۆنەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەیان پیرۆزبایی لە هونەرمەندانی تیپی میوزیکی "زیر و بەم" کرد و ئومێدی سەرکەوتنی زیاتری بۆ خواستن و پاڵپشتی و هاوکاری پارێزگای هەولێری بۆ سەرخستنی کارەکانیان دووپاتکردەوە.

لە بەشێکی تری وتارەکەیدا، تیشکی خستەسەر ڕۆڵی دیار و کاریگەری مێژووی تیپی ناوبراو لە خزمەتکردنی هونەری کوردی و کارە هونەرییەکانیانی بەرز نرخاند.

پاشان لەلایەن پارێزگاری هەولێر و بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر، لە بەرامبەر هەوڵ و ماندووبوون و خزمەت و ئەزموون و بەخششی، خەاڵتی ڕێزلێنان و چەپکە گوڵی ڕێز و وەفا پێشکەش بە هونەرمەندی دیاری و ناودارى موزیکی کوردی "وریا ئەحمەد" وەک دامەزرێنەر و سەرپەرشتیاری تیپەکە کرا.

شیڤان شێرزاد - هەولێر
shevan1986@gmail.com 0750 798 0600





خاوەن ئیمتیاز
ئاریان فەرەج

سەرنووسەر
هاودەنگ فاروق

بەڕێوەبەری تەکنیک و دیزاین
میرۆ جاف

بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی
بەختیار هەمەوەندی

دابەشکردن
کۆمپانیای تەتەر
٠٧٥٠٤٨٤٠٦٤٨

ڕیکلام
hawler_reklam@yahoo.com

هەولێر یەکەم ژمارەی لە (١٩٥٠)ـدا دەرکراوە

بۆ پێوەندیکردن:
٠٧٥٠٢١٨٠٨٠٨

ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکیی مەسیف سەلاحەدین- بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە